# تێما لە ئەفسانەی کوردیدا
# (هێلکەی نامێ) بە نموونە

**د. نعمە قرەنی اسماعیل**
بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردە- زانکۆی سەلاحەدین- هەرێما کوردستانێ/ عیراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی(تێما لە ئەفسانەی کوردیدا،"هێلکەی نامێ" بە نموونە)یە، تێما واتە پەیام و مەبەستە سەرەکییەکەی دەق، دەکرێ کۆی مەبەستی مۆتیفەکانی یەک بەرهەم بێت، تێما جیهانبینی تاکی ناو کۆمەڵگایە، کە بەهۆی پێکهاتەکانی ناو دەقەکەوە تێماکە دەردەکەوێت. ئەفسانە ژانرێکی گرنگ و سەرەکییە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلاندا، مێژووی پەیدابوونی هاوکاتە لەگەڵ مێژووی پەیدابونی مرۆڤایەتی. ئەفسانە گێڕانەوەیەکە شرۆڤەی پەیدابونی گەردوون و ئەزمونی مرۆڤ دەکات. بەهۆی ئەفسانەوە، لێکدانەوە بۆ بنەچەی مرۆڤ، چۆنییەتی هاتنە ئارای گەردوون و ژیانی ئەو دنیاش-دوای مەرگ- دەکرێ. واتە ئەفسانەکان شرۆڤە و لێکدانەوەی دیاردەکانی دەوروبەرن، بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایین و یەکەمین هەوڵەکانی مرۆڤن بۆ تێگەیشتن لە گەردوون، کە لە فۆرمێکی گێڕانەوەیی - چیرۆکی ئەفسانەیی- بەرهەمهێنراون، ئەم لێکدانەوانەش وێنایەکیان لەبارەی بوون پێداوین، واتە ئەفسانە بەخشینی مانا بووە بە ژیان. ئەفسانەی کوردیش هەروەکو ئەفسانەی نەتەوەکانی تر دەربڕینی هەوڵی مرۆڤە سەبارەت بە ڕووداوی سروشتی و ژیانی کۆمەڵایەتی وململانێی چینایەتی، کە پڕن لە تێما (Theme) ی جیاوازی وەکو قارەمانیەتی، خۆشەویستی، تۆڵەسەندنەوە، خیانەت، چارەنووس وپاراستنی نهێنی و سەرکەوتنی هێزی چاکە بەسەر هێزی خراپەو ..... هتد. توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی ئاست و جۆر و پەیوەندییەکانی تێما لە دەقە ئەفسانەییەکانی (هێلکەی نامێ)دا. تێما وەکو بابەتی مەبەستدار و خواستراوی ئەم توێژینەوەیە، گرنگی خۆی هەیە کە ناوەڕۆک و مەغزا و بابەتی ئەفسانە کوردیەکان دەخاتەڕوو. ئامانجی توێژینەوەکە بەرباس خستنی چۆنیەتی چنین وخستنەڕووی تێماکانی نێو دەقی ئەفسانەکانە. هەروەها ئایا چ جۆرە تێمایەک لە دەقە ئەفسانەییەکاندا بونی هەیە؟ لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی- شیکاری)پەیڕەو کراوە. ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدایە. لە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیەدا، سەرەتا – جگە لە ناساندنی ئەفسانە- چەمك،

ئاست و جۆرەکانی تێما و پەیوەندی بە چیرۆکی ئەفسانەیی و ڕەخنەی تێماتیکی لەڕووی تیۆرییەوە بەرباس دەخرێن، پاشان بەشێوەیەکی پڕاکتیکی شیکردنەوە بۆ جۆرەکانی تێما لە دەقە ئەفسانەییەکانی "هێلکەی نامێ"دەکرێت.

**وشە سەرەکییەکان:** *تێما، جۆرەکانی تێما، ئەفسانە، ئەفسانەی کوردی، هێلکەی نامێ.*

## پێشەکی

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە(تێما لە ئەفسانەی کوردیدا "هێلکەی نامێ" بە نموونە). توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ خستنەرووی ئاست و جۆر و پەیوەندییەکانی تێما لە دەقە ئەفسانەییەکانی (هێلکەی نامێ)دا. تێما وەکو بابەتی مەبەستدار و خواستراوی ئەم توێژینەوەیە، گرنگی خۆی هەیە کە ناوەڕۆک و مەغزا و بابەتی ئەفسانە کوردیەکان دەخاتەڕوو.

## میتۆدی توێژینەوەکە

لە نوسینی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (وەسفی-شیکاری)بەکارهاتووە، دوای ناساندنی تێما و جۆرەکانی و پەیوەندی بە ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقە ئەفسانەییەکانەوە لە ڕووی تیۆرییەوە خراوەتەڕوو، لەسەر ئەو بنەمایانە دەقە ئەفسانەییەکانی (هێلکەی نامێ) شیکراوەتەوە و تێماکانیان دەستنیشان کراون.

## سنوری توێژینەوەکە

سنوری ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدایە، هەردوو بەشەکەی (هێلکەی نامێ )وەکو کەرەستەی پراکتیکی وەرگیراوە.

## پرسیاری توێژینەوەکە

- ئایا چ جۆرە تێمایەک لە دەقە ئەفسانەییەکاندا بونی هەیە؟
- ئایا تێمای ناو دەقە ئەفسانەییەکان لەگەڵ سیفەت و تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگای کوردی دەگونجێ؟

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بەرباس خستنی چۆنیەتی چنین وخستنەورووی تێماکانی نێو دەقی ئەفسانەکانە، هەروەها خستنەڕووی جۆرەکان و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی تێماکانە.

## پێکهاتەی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتوە، بەشی یەکەم دەروازەیەکی تیۆرییە، سەرەتا تیشک دەخاتەسەر ناساندنی تێما لەڕووی زاراوە و پێناسەوە، دواتر جەخت

دەکاتە سەر جۆرو ئاستەکانی تێما و ڕەخنەی تێماتیکی لە ئەدەبدا، پاشان ناساندنێک بۆ ئەفسانە کراوە، دواتر پەیوەندی تێما بە هەقایەتی ئەفسانەییەوە خراوەتەڕوو، لەکۆتایی ئەم بەشەدا تێما لەڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە باس کراوە. لە بەشی دووەمیشدا  جۆرەکانی تێما وەک (خیانەت، چارەنووس، قارەمانێتی، عەشق، تۆڵەسەندنەوە، گەڕان بەدوای بەخت، چاکە چاکەی لەدوایە، پاراستنی نهێنی)لە دەقە ئەفسانەییەکانی (هێلکەی نامۆ)دا دەستنیشان کراوە و شیکردنەوەی پێویستی بۆ کراوە. لە کۆتاییشدا ئەنجامەکان لە چەند خاڵێکدا و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی ئەم توێژینەوەیە بە هەر دوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

## 1- سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی تێما و ئەفسانەوە

١-١ زاراوەی تێما: زاراوەی تێما لە بنەڕەتدا زاراوەکی یۆنانییە بەمانای بنەما دێت و لە زمانی ئینگلیزیدا (Theme) (سەجادی و مەحمودی،٢٠٠٤، ١٥٤)ی پێدەوترێت، لە فەرهەنگەکانی زمانی عەرەبیدا (الموضوع، الفكرة، الفكرة الرئيسية، المغزى)[١]،کە بەواتاکانی (بابەت، بیرۆکە، بیرۆکەی سەرەکی، مەبەست)ە بەکارهاتوە، هەروەها لە فەرهەنگی ( (المصطلحات الادبية الحديثة)دا لە بەرانبەر زاراوەی(Theme) بیر بەکارهاتووە، لەبەر ئەوەی جیاوازی لە نێوان بیرو بابەتدا کراوە لەسەر ئەو بنەمایەی کەوا بیر ئەبستراکتە و بابەت بەرجەستەکراوە)(عناني،٢٠٠٣، ١١٧)، هەرچەندە لە هەندێک کتێبیشدا (الثيمة، التيم) بەرچاو دەکەوێت. لە زمانی فارسیدا بەرانبەر زاراوەی (Theme)ی ئینگلیزی زاراوەکانی ((هستە پيام، موضوع، زمينە، مايە)بەکارهاتووە کە واتاکانیان بریتین لە ( پوختەی پەیام، بابەت، واتای سەرەکی، بوار، تێم))(شەریفی،٢٠٠٧، ٣٣٧)، هەروەها زاراوەی(دورنمايە، مضمون)یشی پێدەوترێ، کە بەمانای (بابەت ، ناوەڕۆک) دێت.

لەڕاستیدا ئەم زاراوەیە- تێما- لەبەر نزیکی و تێکەڵکردنی لەگەڵ زاراوەکانی وەکو (بابەت و بیر یان بیرۆکە) دا، زاراوە و وشەو دەربڕینی جیاوازی وەکو هاوواتا بۆ بەکارهاتووە.

لەزمانی کوردیدا نوسەر و ڕەخنەگران بەپێی بیروبۆچون و تێڕوانینی خۆیان زاراوەی جیاوازیان بەکارهێناوە، بۆ نموونە عەبدوڵڵا سەڕاج لە کتێبی (بەرەو ئاستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان)دا زاراوەی (ناوەڕۆک)ی بۆ داناوە کە لە زاراوە فارسیەکەوە نزیکە، هەروەها

---

[١] بڕوانە:١ -ابراهيم فتحي ،معجم المصطلحات الادبية، ١٩٨٦،التعاضدية العمالية للطباعة و النشر، تونس، ص ١١٧.

بێستون عارف لە نامەی ماستەرەکەیدا(٢٠١٤) زاراوەی (بابەت)ی بەکارهێناوە کە ئەویش لە زارەوە عەرەبیەکەوە نزیکە، هەروەها زاراوەکانی ( تێما ، تێم ، تێمە)یشی بۆ بەکارهاتوە. دڵان عوسمان (تێم) و نسرین ڕەئوف یش(تێما) یان لەنامە ئەکادیمیەکانیان بەکارهێناوە. لەم توێژینەوەیەشدا[1] زاراوەی (تێما) بەباش زانراوە و بەکارهاتووە.

## ١-٢ پێناسەی تێما:

تێما دڵی دەقی گێڕانەوەییە، زۆر ڕای جیاواز هەیە بۆ ناساندن و شرۆڤەکردنی زاراوەی تێما، ڕەنگە وەکو مەغزا یا پەیامی شاردراوەی نوسەربێ یاخود بابەتی سەرەکی و بیرۆکەیەکی دیاریکراوبێ. یان سەرچاوەی بیروبۆچوونێکی تایبەت بێ، وا لە نوسەر بکات دەقی چیرۆکەکە بنووسێت و خوێنەریش لێکدانەوەی وردی بۆ بکات و تێماکەی لە ناو وردەکاری دەقە گێڕانەوەییەکە بدۆزێتەوە.

ڕەخنەگر و توێژەران بەشێوەی جیاواز پێناسەی تێما دەکەن، ئەمەش لەبەر ئەو تێکەڵاویەی لە نێوان زاراوەکانی (تێما، بابەت، بیر، مەغزا، ڕیشە، مۆتیف، مەبەست)لە دەقی گێڕانەوەییدا بەدیدەکرێت، ئیلیزابێت فرەنزێل لە فەرهەنگەکەیدا کە تایبەتە بە جیاوازی نێوان تێم ( بابەت) و بیرۆکە ، دەڵێت: (( بابەت هەمو میلۆدی دەگرێتەوە، بەڵام بیرۆکە تەنیا یەک نۆتە. بەڕای ئەو بیرۆکە دەبێ هەردەم ناکۆکیەکی هەڵگرتبێ. بار گرژییەکی هەڵگرتبێ، بیرۆکە دەشێ ببێتە خاڵێکی خۆدۆزینەوەو نەخشە ڕێگا))(عومەر، ٢٠١٢، ٦٨)، لێرەدا نوسەر هەمان تایبەتمەندی تێمای بۆ بابەت داناوە، بەڵام تێما تەنیا بریتی نییە لە بابەت، بەڵکو((تێمە جیهانبینین و تێڕوانینی چیرۆکنوسە لەبارەی بابەتێکەوە، واتە تێمە زۆر لە بابەت و ناوەڕۆک فراوانتر و گشتگیرترە))( مەنتک. ٢٠١٨. ٨١)، واتە ئەگەر تێما زەریا بێ ئەوا بابەت و بیرۆکە بەلەمێکی بچوکی ناو زەریاکەیە، بۆ نموونە لە بابەتەکانی وەک: مردن ، ژیان،.... هتد دا، هەر نوسەرێک بەگوێرەی تێڕوانین و دیدگای خۆیەوە ئەو تێمایە دەخاتە چوارچێوەی نوسین، بۆیە ئەو جیاوازیەی لەنێوان نوسەراندا هەیە لە پێشکەشکردن و نوسینی هەر بابەتێک، ئەوەیان تێمای دەقەکە دەگرێتەوە. گەلێ جار زاراوەکانی (تێما و بابەت) بۆ هەمان مەبەست بەکاردێن کە لە ئینگلیزیەکەی بەرامبەر زاراوەکانی (subject- theme) دێت، بەڵام بێگومان ئەوانەش لە ڕووی ئەرک وچەمکەوە جیاوازن، چونکە بابەت بریتییە لە ((دەربڕین و وەسفکردنی بابەتێک یان چەند بابەتێک لە

---

[1] د. عدنان خالد عبدالله ،النقد التطبيقي التحليلي،١٩٨٦ ، دار الشؤون الثقلفية العامة، الطبعة الاولى، بغداد،ص ٩٢.

کاتێ مشتومڕ و ڕای جیاواز بۆ ناونانی هەر چەمکێک هەبێ و زاراوەکی پڕ بەبەری وشەکە لە زمانیکوردیدا نەبێ، وا باشە زاراوە ئینگلیزیەکەی بۆ بەکاربهێنرێت.

دەقێکی ئەدەبیدا، پشت بە زانیاری و هۆکارە دەرەکییەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و.... دەبەستێت، بەڵام تێما ئەو بیرۆکە سەرەکییەیە کە لەناو بەرهەمێکی ئەدەبیدا، جا ئەو بەرهەمە چ شیعر چ پەخشان بێت، بەشێوەیەکی نهێنی خۆی شاردۆتەوە، کە تیایدا ئامانج و بنەما و هۆکاری دروستبوونی بەرهەمەکەیە، دیارە ئەمەش لە ڕێگەی وردبوونەوە و خوێندنەوەیەکی قووڵ بۆ دەقەکە ئاشکرا دەبێت))(سمایل،٢٠٢٣، ٢١)، هەرچەندە هەندێ جار لەجیاتی زاراوەی تێما، مۆتیف یان بنەما و بن واتاش بەکاردێت، بەڵام((تێما ئەتوانێ کۆی مۆتیفەکانی یەک بەرهەم بێت))(سەجادی و مەحمودی،٢٠٠٤، ١٥٤)، بۆیە دەکرێ تێما بەم شێوەیە پێناسە بکرێ کەوا(( تێمە ئەسڵی مەبەست و بنەما و مەقسەد و بنەڕتی بابەتەکە دەردەخات))(ئەسوەد،٢٠٠٦، ٦٩)، هەروەها کاتێ پرسیار لە میلان کۆندێرا دەکرێ لەبارەی تێگەیشتنی لە تێماوە، دەڵێ(( تێمایەک پرسیاری وجودە و هەتا دێ پتر بۆم ڕوندەبێتەوە کە پرسیارێکی بەو جۆرە لە هەڵسەنگاندنی یەک بە یەکی وشەکان، وشەکان وەکو تێما ڕەوت وەردەگرێ))(کۆندێرا،٢٠٠٨، ١٣٨)، بەشێوەیەکی گشتی تێما لە پێناسەیەکی زۆر سادەدا بریتییە لە کۆی بابەت و بیر و مۆتیف و ناوەڕۆکێکی دیاریکراو کە لە دەقێکی گێڕانەوەییدا دەخرێتەڕوو، کە دەقەکەی لەسەر دامەزراوە، یاخود بە واتایەکی تر دەکرێ بوترێ تێما گشتە و بابەت و بیر بەشن لە تێماکە. جا ئەو تێمایە دەکرێ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە دەقە گێڕانەوەییەکەدا دەرکەوێ، کەواتە دەکرێ وەکو چەترێک لە تێما بڕوانین کەوا کۆمەڵێک بیرۆکە و پەیام و مۆتیف و مەبەستی جیاوازی لەژێریدا کۆببێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا باس لە تێماکانی دەقی ئەفسانەیی دەکرێ، واتە باس لەو پەیام و ناوەڕۆکی بابەتانە دەکرێت کە لە دەقە ئەفسانەییە گێڕانەوەییەکاندا تێما هەڵگرییەتی.

**١-٣ ئاستەکانی تێما:**

ئاستی دەرکەوتنی تێما لە دەقی گێڕانەوەییدا لە ئەنجامی کارلێکی ڕەگەزەکان و شێواز و تەکنیکەکانی نوسەر دەردەکەوێ، بۆیە لە بەرهەمی هەندێ نوسەردا لە ڕەگەزو وشەکانی دەقەکەدا تێما مەبەستدارەکە ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە لە هەڵبژاردنی جۆر و ناوی پاڵەوانەکان و بەکارهێنانی کەرەسەکان و چۆنیەتی ڕوودانی ڕوداوەکان و هێنانەوەی کات و زەمانی دەقەکە، کەچی لە هەندێ دەقی تریشدا نوسەر لێزانانە فێڵە زمانیەکانی خۆی بەکاردێنێ، ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی ئاشکرا تێماکە نادات بەدەستەوە، خوێنەر(وەرگر)ی ورد و شارەزا تێماکە دەستنیشان دەکات.

بەگشتی تێما لەئاستی دروستکردندا (بنائی) دوو جۆری هەیە:

(یەکەم: ئاستی ئاشکرا – دیار(ظاهر)/ ئەم ئاستە پەیوەستە بە رووداو و کارەکتەرەکانەوە، کە ئەم پەیوەست بوونەش هەندێ کات ڕاستەوخۆیە و گەلێک جاریش پەیوەست بونێکی جیایە. ئەم ئاستە لە تێما کورتدەکرێتەوە بۆ یەکەیەکی پێکهاتەیی و دروستکەر، کەوا هەمو ڕێڕەوی پەرەسەندنەکانی خۆی لە ناو ڕۆماندا پێش و پاشی ساتی گێڕانەوە کۆدەکاتەوە، واتە بەرجەستەبوونی لە ئاستی گوتاری گێڕانەوەیی یان لە پێکهاتەی گێڕانەوەی دەقەکەدا ، ئەم ئاستە یەکەم و سەرەتایەی تێما هۆیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ دروستکردنی رووداو یان دروستکەرە بۆی.

(دووەم: ئاستی شاراوە(مضمر)/ ئەم ئاستە ئاستێکی شاراوەیە و دیار نامێنێت و خۆی لە ڕووبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕوداوی چیرۆکەکە بەدوور دەگرێت، ئەم تێما شاراوەیە یەکێکە لە مەدلولەکانی تێما ئاشکراو ڕاستەوخۆکە، بەڵام خۆی ون دەکات و بەشاراوەیی دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بوونە شاراوەکەی خۆی ئاشکرا نەکات ، لەبەر ئەوە کارەکە یان ڕودایی گێڕانەوەکە لە کاتە ڕاستەوخۆییەکەی ڕزگار بکات و بەرەو کرداری بوونیی داهێنەرانە ببات.))(عبدالکریم،٢٠١٤، ٢٣) .

بەکورتی تێما لە هەندێک دەقدا روون وئاشکرا دیارە و ڕاستەوخۆ دەکرێ دەستنیشان بکرێت، لەهەندێ دەقیشدا نا ڕوونە یاخود تەمومژاویە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەستنیشان ناکرێ، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێزانین و شارەزایی نوسەر کە لە چنینی دەقەکەدا دەردەکەوێت.

### ١-٤ جۆرەکانی تێما:

جۆرەکانی تێما لە ڕووی پلەی دەرکەوتنیەوە:

- تێمای سەرەکی
- تێمای لاوەکی

تێمای سەرەکی ، واتە ئەو پەیام و مەبەستە سەرەکییەی کە نوسەر هەوڵدەدات بەهۆی داهێنانێکی ئەدەبییەوە بیخاتە بەردەستی خوێنەر و مۆر و تێڕوانینی خۆی تیا بەرجەستە دەکات. ڕەنگە ئەم تێما سەرەکیەش لە چەندین تێمای لاوەکی سەرچاوەی گرتبێ یان بەواتایەکی تر(تێمە بچوکەکانی ناو دەقی گێڕانەوەیی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە تێمە سەرەکییەکەوە هەیە بۆ تەواوکردنی ئەرکە دەلالی و مەعریفییەکەیەتی بە تێمی سەرەکییەوە، هەروەها پەیوەندییە ناڕاستەوخۆکەشی ئەوەیە چەند جارێک بیرۆکەی لاوەکی دەردەکەوێت ،ڕەنگە تەنها بۆ کارەکتەرێکی لاوەکی بێت بۆ ئەنجامدانی کارێک،دیارە

کارەکتەری لاوەکیش بۆ زەقکردنەوە و دەرخستنی بوونی کارەکتەری سەرەکییە لە دەقەکەدا)(عبدالکریم.٢٠١٤. ٢٤)، کەواتە چەند تێمایەکی لاوەکی لە خزمەت دەرکەوتن و خستنەڕووی تێمای سەرەکیدا دەبن.

جۆرەکانی تێما لەڕووی ناوەڕۆکەوە:

- تێمای خیانەت
- تێمای چارەنووس
- تێمای گەڕان بەدوای بەختتدا
- تێمای چاکە چاکەی لە دوایە
- تێمای تۆڵەسەندنەوە
- تێمای پاراستنی نهێنی
- تێمای قارەمانیەتی
- تێمای عەشق

لە بەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا زیاتر کار لەسەر ناوەڕۆکی تێماکانی چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەکرێ و شیکردنەوەی پێویستیان بۆ دەکرێ.

### ١-٥ زاراوەی تێما و ڕەخنەی تێماتیک لە ئەدەبدا:

لێکۆڵینەوە لە ناوەڕۆک و پەیامی هەر ژانرێکی ئەدەبی مێژوویێکی لەمێژینەی هەیە، توێژەران بەشێوەیەکی گشتی و هەرەمەکی لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە ئەنجام داوە ، هەرچی مێژووی دەرکەوتنی ڕەخنەی تێماتیکییە بە پێی بۆچونی زۆربەی ڕەخنەگران دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم و بەتایبەتیش دوای ساڵانی چلەکان بڵاوکراوەتەوە،بۆ نموونە کتێبگەلی وەک(( جان ڕیشار(Jean-Pierre Richard) لە ساڵی ١٩٤٥ دا پەرتوکی (ئەدەب و هەستکردن)ی بڵاوکردەوە، لە هەمان ساڵدا (چارڵز مۆرۆن) تێزەکەی بەناونیشانی( نەست لە ژیان و کارەئەدەبیەکانی جان راسیندا) تاوتوێکرا(شارەزووری ، ٢٠١٥، ٣٨). هەروەها (ڕۆبەرت ماجلیولا) لەبارەی دەرکەوتنی ئەم جۆرەی ڕەخنە دەڵێ((ڕەخنەی تێماتیکی سەرەتا لە فەرەنسا سەریهەڵداوە، هەندێ سیما و ئادگاریی لە ئەمریکاش هەبوە)) [١](ماجلیولا،١٩٨١، ١٩١).

لەپاش جەنگی جیهانی دووەم پێناسەی جیاواز بۆڕەخنەی تێماتیکی کراوە(( لەلای ژۆرژ پولێ بابەت بە کاتیگۆریی درککردنێکی مومەیەز وەسفی دەکرێت کە لایەنی

١ بۆ زانیاری زیاتر بروانە:نەسرین رەئوف سمایل، ڕەخنەی تێماتیکی – تیۆر و پراکتیک بە نموونە کۆ (شیعری بەرزان هەستیار و چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن)، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٢٣، ل ٢٦-٢٩.

زیهنــی بەســەریدا زاڵە، لەلای ڕیشــاریش، بە ئۆبژەکــت دەبینێــت واتە بە مــاددە و بــزوتنەوە لێکیدەداتەوە کە بێوچان ئاماژە بۆ کردەی هەستکردن دەکات.... بەڵام دەکرێت سەرجەم ئەو پێناسانەی بۆ تێما کراوە لەژێر ئاوەڵناوی وەک(پەیوەندی تاک) و (وجوودی) و (ژیاو) و (شاراوە) و (دوبارەبوو)و ( هەمەچەشن) کۆبکرێنەوە، لەم ڕووەوە (میشیل کۆلۆ) سەرجەم ئەو پێناسانە کۆدەکاتەوەو دەڵێت: تێما بە گوێرەی ڕەخنەی بابەتی واتایەکی تاک و شاراوە و کۆنکریتی هەیە))(مەلا،٢٠١٢، ٣). واتە تێمـا وەک بەشـێک لە ڕەخـنەی تێمـاتیکی خـاوەن پەیـام و واتـایەکی سـەربەخۆیە و پەیوەسـتە بەلایەنـی درککـردن و هەسـتکردنی نوسـەر بـۆ بەرجەستەکردنیان لە دەقێکدا.

دەرکەوتن و گەشەکردنی ڕەخنەی تێماتیکی بەپێی بۆچونی (یوسف وغلیسی) (( لە ئامێزی فەلسەفەی دیاردەگەرایی[1] هاتۆتە بون و بەهۆی بیرۆکەکانی فەیلەسوفی فەرەنسی (گاستون باشلار ١٨٨٤-١٩٦٣ ) گەشەی کردوە، لە شەستەکانی سەدەی بیستەم لە ژینگەی ڕەخـــنەی فەرەنســـیدا گەشـــە کـــردو پێشـــکەوت، لەلایەن چەنـــد ڕەخنەگرێـــک کە بە (قوتابخانەی جنێف) ناسرابون دەستیپێکرد، ئەوانیش ( جان بول و یبر، جان بیار ڕیشارد و جۆرج بولی ، .....))(وغلیسی، ٢٠٠٨، ١٥٣).

ڕەخنەی تێماتیکی لە ئەدەبی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابـردوو ، لە ئەدەبـی کوردیشـدا هەرچەنـدە چەنـد نوسـەرێک باسـی زاراوەی تێمایـان کـردوە ، بەڵام لەبارەی ڕەخنەی تێماتیکییەوە (یادگار لەتیف) زاراوەی ((ڕەخـنەی بابەتی))بەکارهێناوە (شارەزووری،٢٠١٥، ٣٧).

کەواتە زاراوەی ڕەخنەی تێماتیکی بە هەمان شێوەی زاراوەی تێما بەچەند جۆرێک ناودەنرێت(( ڕەخـنەی تێمـاتیکی ، ڕەخـنەی دیـاردەگەرایی، ڕەخـنەی ڕیشـەیی ))(الحمـدانی، ٢٠١٤، ٥٢ ) ،لەگەڵ ئەو هەمـــوو ناونـــانەش جیاوازیـــان لەنێوانـــدا هەیە لەبەر ئەوەی ڕەخـــنەی تێمـاتیکی (( بەوە لە ڕەخـنەی بـابەتی جیادەکرێتەوە کە بەدوای ئەو تێمـایە دەگەڕێت کە نووســەر نوســینەکەی لــێ پێــک دەهێنێــت و دەردەکەوێ، کە ئەمە بە گــرێ لە شــیکاری دەروونی فرۆیدا دادەنرێت ، لەبەر ئەوەی لە بێ ئاگاییدا دەمێنێتەوە))(عزام،١٩٩٩، ١٦٥).

(جوزف لبس) لەبارەی ناساندنی ڕەخنەی تێماتیکیدا دەڵێ: (( ڕەخـنە یـان شـیکاری تێمـاتیکی ، ئەو ڕێچـکەیەیە یـان ئەو خوێنـدنەوەیە کە تـوێژینەوە بـۆ دۆزینـەوەی تێمـا یـان بـابەتی بنەڕەتـی، هەروەهـا بـۆ ئاشـکراکردنی ئەو دەرکەوتـانەی کە ئەم تێمایـانە لەهەمـوو

[1] فەلسەفەی دیاردەگەرایی ئەو فەلسەفەیەیە لە کێشەی هوشیاری مرۆڤ بەخۆی و بە جیهانی دەوروبەرییاوە دەکۆڵێتەوە.

لقەکانی لەبەرهەمی ئەدەبیدا دەیگرێتەبەر))(سمایل،٢٠٢٣، ٢٤)، واتە ڕەخنەی تێماتیکی ئەو ڕێگایەیە یاخود ئەو شێوازەیە کە توێژەر بەکاریدێنێ بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و سەرنج دان و ووردبونەوە لە دەق ، هەروەها دەستنیشان کردنی مۆتیڤەکانی دەقەکە و ڕەهەندە جیاجیاکانی، کە ئەمەش لەپێناو گەیشتن بە تێمای دەقەکەیە.

١-٦ چەمکی ئەفسانە:

لەبەر کۆنی وشە و بابەتی ئەفسانە، وەک یەکەم بیرکردنەوەی مرۆڤی سەرەتایی و ئەو سەردەمە جیاوازانەی ئەفسانەی لێ بەرهەم هاتووە، هەروەها تێکەڵی ئەفسانە لەگەڵ زانستە جۆراوجۆرەکانی وەکو ( ئایین، فەلسەفە، مێژوو، زانست، دەروونناسی،.....) وای کردووە لە زۆر بوار و ڕوانگەوە بناسێنرێت، چونکە هەر پێناسەیەک دەلالەت لە ناوەڕۆکێکی ئەفسانە دەکات، واتە

ئەفسانە (( ئاماژەیە بۆ کێڵگەیەکی گرنگی واتایی کە ئایین و فۆلکلۆر و مرۆڤناسی و کۆمالْناسی و شیکردنەوەی دەروونی.... بەشداری تێدا دەکەن))( ویلیک و وارین،١٩٧٢، ٢٤٥).

چیرۆکە ئەفسانەییەکان لە ناوەڕۆکدا زۆر دەوڵەمەندن و گەنجینەی نهێنیەکانن، ئەفسانە(( دەقێکی ئەدەبییە، لەجوانترین گەوهەری هونەری و بەرزترین داڕشتن بەرهەم هێنراوە کە کاریگەری لەسەر دەروونمان دروست دەکات)) (السواح،١٩٩٦، ٢٠). ئەم بەرزی داڕشتنەشی وای کردوە بە نەمری بمێنێتەوەو بە بەهێزترین بەشی فۆلکلۆر دابنرێت . جۆراوجۆری لە جۆر و بابەتەکانی ناوەڕۆکی ئەفسانەکان وای کردووە تێمای چیرۆکە ئەفسانەییەکان هەمە چەشن و خاوەن بەها و قورسایی بن. دەستنیشانکردنی ئەو تێمایانەش کارێکە پەیوەستە بە جوڵەو هەڵسوکەوتی پاڵەوان و داڕشتن و هۆنینەوەی ڕووداوی چیرۆکەکە ،چونکە فۆرمی ئەفسانە لە شێوەی دەقێکی گێڕانەوەیی دایە و کارلێککردنی هەمو ڕەگەزەکانی ناو ئەفسانەکە لەخزمەت دەرکەوتنی تێماکەدا دەبێت ، هەروەک (**فرای**) دەڵێ ئەفسانە (( بریتییە لە چیرۆکێک، کەسایەتییە سەرەکییەکانی خواوەندن یان بونەوەرانێکن توانایان لە مرۆڤی ئاسایی زۆر زیاترە، کە دەگمەنە لە هیچ شوێنێکی دیاریکراوی مێژوودا دابنرێن. ئەفسانە وەک حیکایەتیێکی مىللییە و تەنها لە چوارچێوەی بەسەرهاتێک دایە ، کە تێیدا کەسایەتییەکان دەتوانن هەرچیان بوێ بیکەن، گرنگیش نیە لەلایەنی عەقڵی و لۆژیکی یان پاڵنەر و هۆکارەکانەوە پەسندکراوبن)) (فرای،١٩٩٢، ٤٩). هەروەها (**شتراوس** ) گرنگی بە لایەنی مەغزای پشت گێڕانەوەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان دەدات و پێی وایە ((گەوهەری ئەفسانە لە شێواز و مۆسیقاو بنیادەکەی نیە، بەڵکو لەو چیرۆکە دایە کە دەیگێڕێتەوە. ئەفسانە زمانە، بە شێوەیەکی تایبەتی لە

ئاستێکی بەرز چالاک دەکرێت، بەڵام واتاکان بەشێوەیەکە کە پاشخانە زمانییەکەی هەمیشە لە جوڵەو بەردەوامیدا دەبێ))(شتراوس،١٩٨٦، ٦).

سەبارەت بە پێناسەی ئەفسانەی کوردیشەوە (د.مەولود) پێی وایە ((ئەفسانەی کوردی ئەو چیرۆکەیە ، کە دانەرەکەی دیار نییە، لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەگێڕێتەوە، کەسییەتی ئەفسانەیی بەهۆی ئامێر و کەرەسەی ئەفسانەیی لەکات و شوێنی ئەفسانەییدا کاری ئەفسانەیی تێدا دەکەن))(حەسەن،٢٠٢٠،٢٥)،کەوابێ ئەفسانە لە فۆرمە گێڕانەوەییەکەیدا ، هەڵگری چەند ناوەڕۆکێکی بەرزو بە پێزی مرۆڤایەتییە، کە بێگومان لێرەدا تێماکانیان بەهاوکاری ڕەگەزە ئەفسانەییەکانەوە دێنە بەرباس و لە چیرۆکەکاندا بەرجەستە دەبن.

**١- ٧ پەیوەندی تێما بە هەقایەتی ئەفسانەییەوە**

هەقایەتی ئەفسانەیی ئەو گەنجینە گران بەهایەیە، کە تژییە لە بابەتی گرنگ، هەر چیرۆکێکیش بیرێکی سەرەکی لە ناخیدا شاردراوەتەوە و بەهۆی مۆتیف و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە تێماکەی دەخرێتەڕوو، واتە(( بیرۆکەی سەرەکی یان بابەت The Themeهەر نوسەرێک کە کارێکی ئەدەبی دەنوسێت، مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە و دەیەوێت لەو دیووی وشەکانیەوە لە چوارچێوەی بابەتێکدا دەری ببڕێت، جا هەر نووسەرەو بەجۆرێک بابەتەکەی هەڵدەبژێرێت بۆ دەربڕینی ئەو مەبەستە، لە هەقایەتدا بە گشتی بابەت دێرینە و باس لە ڕووداوێکی مێژوویی یان بەسەرهاتێکی وا دەکات کە دەمێک بێت ڕووی دابێت. ڕووداوەکانی هەقایەتیش لە دەوری ئەو بابەتەوە خوول دەخۆن و حیکایەتنوس ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی کەوا ڕەنگە بووبنە فۆلکلۆر بۆ خوێنەر یان گوێگران دەگێڕێتەوە))(شەریف،١٩٩٧،٥)، ڕووداوی ئەم هەقایەتانەش چیرۆکە ئەفسانەییەکانیش دەخاتە ژێر باڵی خۆی و لەڕێگەی مۆتیفەکانەوە تێماکانیان دەرکەوتون، وەک مۆتیفی (( ئاوێنەو سیحراوی، شەڕی باوک و کوڕ، ئەژدیهای ئاوی کانی و سەرچاوەی شاگرد....هتد، کە هەمیشەش لە تان وپۆی داڕشتنی بەرهەمەکەدا بەدیدێت))(محەمەد،٢٠١١، ٩٢)، جگە لەو مۆتیڤانە کەرەسەکانی وەک بەرماڵی فڕین و کڵاوی سەخرەجن و کۆتری نامەبەر و شوڕی سحراوی و ... هتد لە هەقایەتی ئەفسانەیی بەرچاو دەکەوێت. هەرچەندە تا ئێستا لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکان لەبارەی تێماوە زیاتر لە چیرۆک و ڕۆمان و شیعر ئەنجامدراوە، کە کارکردن تیایاندا تاڕادەیەک ساناترە لەچاو دەقی ئەفسانەیی ، چونکە دانەرەکانیان دیارن و دەتوانرێ بەهەر هۆکارێک بێ لە مەغزای دەقەکە بگەین و تێماکەی دەستنیشان بکرێ، بەڵام لە ئەفسانەدا ( بەرهەمێکی دەستە جەمعییەو تێماکانی بە شێوەیەکی گشتی گوزارشت لە ئێش و ئازار و هەڵچونی مرۆڤەکان دەکات و خەیاڵ و هەست و هیوا و ئاواتەکانی

کۆمەڵگا دروستی کردووە ، نوسەرێکی دیاریکراوی نییە)(السواح،١٩٩٦، ١٢). بەمشێوەیە تێمای چیرۆکە ئەفسانەییەکان سیمایەکی جیهانی و گشتگیر لەخۆ دەگرێ، چونکە ((تێم ئەو حەقیقەتەی ژیانە کە چیرۆک دەریدەخات))(عبدالکریم،٢٠١٤، ٢٢) ، واتە پەیوەستە بە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە حیکایەتخوانێک نەیگێڕابێتەوە یان حیکایەتنووسێک ئەو دەقە ئەفسانەییەی نەنوسیبێتەوە.

ئەفسانەکان بەرهەمی گەلن و لەناو ئەدەبیاتی هەر میللەتێکدا پێگەو نرخی تایبەتی خۆیان هەیە. وەکو ناسنامەیەکە بۆ نەتەوەکەی وهەڵگری خەسڵەتی ئەم نەتەوەیەیە و پێی دەناسرێتەوە. بە درێژایی مێژوو گێڕدراوەتەوەو چەندین کەس و ساڵی تێدا بەشداره، بۆیە دۆزینەوەی تێما لە هەقایەتی ئەفسانەیی لە تێمای ژانرەکانی تری ئەدەب قورسترە، بەڵام دواجار تێمای ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە لەخزمەتی مرۆڤایەتی دایە.

لە چیرۆکی ئەفسانەییدا ڕەنگە تێماکە وەکو وانەیەک بێت کە دوای خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقە ئەفسانەییەکە فێری ببین.

**١-٨ تێما لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقەوە**

سەرەتای دەرکەوتنی تێما وەک پرەنسیپێکی ئەدەبی لە بواری ڕەخنەییدا، مێژوویێکی دوورو درێژی هەیە، لەبەر ئەوەی هەر لە کۆنەوە گرنگی بە پەیام و مەبەستەکانی دەقی ئەدەبیدا دراوە، ئەو گرنگیدانەش بە تێما (( وەک ڕەگەزێکی بنچینەیی ئەدەبی ڕەوتێکی جێگێری نەبوە و بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندو بووە. تێما پوختەی ئەو پەیام و ناوەڕۆکەیە کە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقێکدا پێیدەگات، یان هەڵهێنجاندنی واتایی بەرهەمێکی ئەدەبییە، لە ئەنجامی خوێندن و تێگەیشتنەوە دێتە بەرهەم))(عەزیز،٢٠١٤، ٤٧).

تێما لە ڕوخسارو ناوەڕۆکی دەقدا دەردەکەوێت، دەق((چەندە ڕواڵەتێکی ناوەکی هەیە، هێندەش ڕواڵەتێکی دەرەکی هەیە، ناوەکی بەواتای لێکدان و ڕێزکردنی سەرجەم وشە بەکارهاتووەکان و کارلێککردنی وشەکان لەنێو خۆیاندا، چەمک و واتایەک دێنێتە ئاراوە کە نووسەر مەبەستییەتی، دەرەکیش بە واتای کۆی ئەو واتا بەرهەمهاتووەیە کە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی دەقدا لە زەینیدا دروست دەبێت))(عەزیز،٢٠١٤، ٤٧). واتە هەر دەقێک لە دوولایەنی سەرەکی پێکدێت، لایەنی ڕوخسار، کەوا لایەنی ئیستاتیکای دەقەکە دەگرێتەوە، هەروەها لایەنی ناوەڕۆک کە مەبەست لێی تێمای دەقەکەیە، کە لە ڕێگەی زمان و چنینی وشەکانەوە گوزارشتی لێوە دەکرێ.

ئەفسانە وەک هەر ژانرێکی تری گێڕانەوەیی وەک(چیرۆک ، ڕۆمان) لە دەقێکی گێڕانەوەیی پێکهاتووەو ڕەگەزەکانی (کات، شوێن، پاڵەوان، ڕووداو ،...) بەشدارن لە بنیاد و پێکهاتەی دەقەکە، کەوا پەیوەندیەکی پتەویان لەنێوانیاندا هەیە و ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە لە بەرهەمهێنانی ئەم گێڕانەوەیە، چونکە ئەفسانە دەقێکی ئەدەبییە و پڕە لە هێما، لە فۆرمی داڕشتنێکی بەهێزدا بەرهەمهاتووە. ڕەنگە ئەفسانە لە ڕواڵەتدا دەقێکی سادە دەرکەوێت، بەڵام بە وردبونەوەو شیکردنەوەی ئەوە دەردەکەوێت کە بەهێزی لایەنە هونەری و ئەدەبییەکەی وای کردووە نەمر بێت و چەندین تێما لەهەناوی هەڵبگرێت و ئەو کاریگەریەی هەبێت کە ببێتە هەوێن بۆ داهێنانی چەندین دەقی تر لە ژانرە جیاوازەکاندا ، واتە چیرۆکە ئەفسانەییەکە وەکو تێمایەک دەرکەوێت و لەدەقی تردا بەرهەم دێتەوە.

بەهۆی هەریەک لەو ڕەگەزانەوە کە وەکو مۆتیڤێک کار دەکەن بۆ دەرخستنی تێمای هەر دەقێک ،ئەوا (( شوێنی مۆتیڤەکان لەنێو ڕووداوەکان و کاروکردەوەکانی کارەکتەرەکان بەدەردەکەون و ئاشکرا دەبن))(عبدالکریم،٢٠١٤، ١٢) . تێما دەتوانێ کۆی گشت مۆتیڤەکانی یەک بەرهەم بێ. هەرچەندە گەلێک جار تێماکان زوو خۆیان نادەن بەدەستەوە تا کۆتایی خوێندنەوەی ئەفسانەکە بگرە هەندێ جار دوای خوێندنەوەی زیاتر لە جارێک ئینجا تێمای دەقەکە دەستنتشان دەکرێ. بێگومان خوێنەر هەر لە سەرەتاوە هەوڵ دەدات بگات بە واتا و مەبەستی ئەم دەقە ،واتە هەوڵدەدات لەڕێگەی ئەو ڕەگەزانەوە مامەڵە لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکە بکات و تێمای چیرۆکە ئەفسانەییەکە بدۆزێتەوە، لەبەر ئەوەی کاریگەری و تێکچڕژاوی ڕەگەزەکان دەبنە هۆی بنیادنانی چیرۆکەکە بەو واتایەی تێما دروستکەری ڕەگەزەکانە یاخود بە پێچەوانەوە ڕەگەزەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن بۆ دروست کردنی تێما بۆ دەقەکە.

کەواتە دەکرێ بوترێ بەهۆی تایبەتمەندیەکانی ڕوخساری هەر دەقێک ،لەڕێگەی دوبارەکردنەوەو هەڵبژاردن و ڕیزکردنی وشەکانەوە ،خوێنەر دەتوانی تێمای ئەفسانەکە بدۆزێتەوە. هەروەها لە ڕێگەی خوێندنەوەیەکی قوڵ و ورد بۆ دەقی ئەفسانەکە و کارلێککردنی ڕەگەزەکان لەگەڵ یەکتر، توێژەر دەتوانی تێماکە دەستنیشان بکات.

## ٢- جۆرەکانی تێما لە دەقە ئەفسانەییەکانی ( هێلکەی نامێ) دا

ئەفسانە بەرهەمی یەکەم بیرکردنەوەو تێڕامانی مرۆڤە، واتە بەرهەمی سەردەمانێکە کە بەهۆی ئەفسانەکانەوە وەڵامی پرسیاری دیاردە بێ وەڵامەکان دەداتەوە، ئەفسانەکان هەڵگری ئەو تێمایانەن کە پەیوەستن بە مرۆڤ و کۆمەڵگاوە، وەکو بەشێک لە فۆلکلۆر دەما و دەم و پشتاو پشت لەڕێگەی زمانەوە گێڕدرایەتەوە و دواتریش ئەفسانەکان لە فۆرمی دەقێکی ئەدەبیدا داهێنراون و تۆمارکراون.

دەقی ئەفسانەکانی (هێلکەی نامێ) پڕن لە تێمای جۆراوجۆر، ڕەنگە تێمایەک لەچەند چیرۆکێکی ئەفسانەییدا دووبارە ببێتەوە، لەخوارەوە هەوڵدراوە ئەو دەقانە وەربگیرێت و شیکردنەوەیان بۆ بکرێ و تێماکانیان بخرێتەڕوو، کە وەک چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەستنیشانی کراون.

## ٢-١ تێمای خیانەت:

دەقە ئەفسانەییەکان بەرهەمی گێڕانەوەی مرۆڤەکانن، بۆیە هەڵگری هەموو خەسڵەت و ڕەفتارەکانی مرۆڤایەتین. کرداری خیانەتکردن یەکێکە لە ناشیرنترین سیفەتەکانی مرۆڤ، بە واتای پێشێلکردنی پەیمان و ئەمانەت دێت لە نێوان تاکەکاندا، خیانەت چەمکێکی فرەڕەهەندە و زۆر لایەن دەگرێتەوە بۆ نموونە خیانەتی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە ناپاکی دوو هاوڕێ، دوو خۆشەویست، دوو هاوسەر، هەتا دەگاتە خیانەتی فکری، ئیدۆلۆژی، ئاینی کە خۆی لە شکاندنی سۆز و پەیمان دەبینێتەوە. دەقی ئەفسانەی(هەمزەی پاڵەوان)، باس لە خیانەتی ئافرەت دەکات بەرانبەر پیاو. لەم دەقەدا ئافرەتێکی زۆر جوان کە خێزانی پاشایەکە، ڕۆژێک کوڕێکی زۆر بەهێز و بەتوانا بەناوی هەمزەی پاڵەوان ئەو ئافرەتە دەبینێ و زۆر پێی سەرسام دەبێ، لەڕێگەی پیرێژنێک کە کارەکەری ماڵی هەمزەی پاڵەوانە دەست لەگەڵ هەمزە تێکەڵ دەکات پێی دەڵێ بەچ شێوەیەک بتوانین بگەینە یەکتر، هەمزەش دەڵێ(( من بەهۆی نەفەق لێرەوە هەتا ماڵی ژنەی بەژێر زەوی دا دەچم. کاتێک هەمزەی پاڵەوان چوە لای ژنەی کە ناوی (گوڵ خاتر)بوو لەگەڵی ڕێککەوت ، هێنای و دوو منداڵی لێ هەبوو کچێک بەناوی (زولێخا)بوو کوڕەکەش ناوی (مەحەمەد)بوو.))(هێلکەی نامێ٢ ،٨٧). بەڵام لەبەر ئەوەی هەر کەسێک جارێک خیانەت بکات بەلای ئاسایی دەبێت کە چەند جاری تریش دووبارەی بکاتەوە، چونکە ئەو ئافرەتە تۆوی خیانەت لە خوێنیدایە، بۆیە بۆ جارێکی تریش لەگەڵ کوڕە میرێک خیانەت دەکاتەوە و پەیوەندی لەگەڵ دادەنێت و فێڵ لە هەمزەی هاوسەری دەکات ، کاتێ لێی دەپرسێ کەوا چۆن کەسێک دەتوانێ بەسەری دا زاڵ ببێ و بیبەزێنی، چونکە هەمزە پاڵەوانێکی زۆر ئازا و بوێرە. ئەویش نهێنی خۆی بۆ ئاشکرا دەکات لەبەر ئەوەی گوڵخاتری زۆر خۆشدەویست و گوتی((من تەنیا بە مووی پرچم ئەگەر لە پەنجەی پێم هەتا پشتی سەر ملم ببەستن تەنها بەو ڕێگایە بەرزەفت دەکرێم بە هیچی تر ناتوانن من بگرن))(هێلکەی نامێ٢ ،٨٨). دواتر ڕۆژێکیان گوڵخاتر فێڵی لێکرد و داوە پرچی لە پەنجەی پێی تا پشتی سەر ملی بەستەوە، ئینجا کوڕی پاشا و دارو دەستەکەی لەناو پێستی چێڵیان ناو کردیانە پرد و ڕۆژانە خەڵک بەسەری دادەڕۆیشت، ڕۆژێکیان کچەکەی بەسەر پردەکەدا دەڕوات هەمزەی پاڵەوانیش داوای یارمەتی لێدەکا ، ئەویش نەک هەر یارمەتی نادا، بەڵکو هەڕەشەی لێ دەکا وقسەشی پێ دەڵێ، بەڵام دواتر کوڕەکەی یارمەتی دەدات و لەناو

پێستە دێتە دەرێ و ڕزگار دەبێ، لە کۆتایی دەقەکەدا هەمزەی پاڵەوان شیری لەسەر خێزانەکەی دادەنێ و لە دیمەن و کردەوەیەکی ئەفسانەییدا دەبێتە دوو کەرت و ئەوانی تر دەکوژێ تەنیا کوڕەکەی نەبێ.

لەم دەقەدا تێمای خیانەت زۆر بە زەقی دەردەکەوێ، وەک خیانەتی نێوان هاوسەران وەکو دیاردەیەکی قێزەوەن پێشاندراوە، هەروەها سزاکەشی کوشتن بووە، کە ئەو سزایەش هەر لەکۆنەوە لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەبووە. لەهەمان کاتدا بەگشتی ڕوییێکی ناشیرینی ئافرەت پێشان دەدات وەک هەڵسوکەوتی گوڵخاتر و کچەکە کە بەرانبەر هەمزەی پاڵەوان ئەنجامیاندا. یاخی بونی کچ لەباوک و گوێڕایەڵ نەبوونی ئەمەش بە جۆرێک لە خیانەت دادەنرێت.

**٢-٢ تێمای چارەنووس:**

زاراوەی چارەنووس بە مانای حاڵەتێک یان کۆتاییەکە کە پێشتر نەخشەی بۆ کێشرابی ،واتە دەکرێ بوترێ، کە چارەنووس ئاماژە بەوە دەکات کە لە داهاتودا لەلایەن خودا یان هێزێکی خوداییەوە دیاری کراوە یان پلانی بۆ داڕێژراوە، هەروەها باوەڕبون بە قەدەر ئەو باوەڕە پتەوەیە کە هەمو شتێک لەم بوونەدا ڕوودەدات بە گوێرەی زانیاری و وریایی خودا هەر لە ئەزەلەوە ئەوەی خودا دەیەوێت دەبێت و ئەوەی نەشییەوێت ڕوونادات. لە دەقی ئەفسانەی (چارەنووس)دا، باس لە کوڕە پاشایەکی زۆر جوان و دەوڵەمەند و کچە گاوانێک دەکات، کوڕە پاشا لەخەونیدا پێی دەڵێن کچە گاوانی خۆتان بە نسیبی تۆ دەبێت. ئەویش ئەو ماڵە گاوانە لەو شارە دەردەکات و دواتریش هەر دەترسا بە نسیبی ببێ، چونکە جیاوازیان زۆربووە ، کچەکە ناشیرین بووە و کچی گاوانی ئەو شوێنە بووە، بۆیە لە شوێنە نوێیەکەشیان دەچێتە ماڵیان و بەهانەی پێ دەگرێ و کاردانەوەیەکی دڕندانەی بەرانبەر دەکات کە(( شیرەکەی لە پشتی دەرهێنا و کچەی پارچە بە پارچە کرد و لەناو پارچە پەڕۆکێک لوولی داو لە ماڵەکەی خۆی جێی هێشت))(هێلکەی نامێ٢ ،١٩٧)، بەڵام کچە نەمرد و چاکبۆوەو بوە کچێکی زۆر جوان. دواتر قەدەر وایان بۆنوسی بوو، کە کوڕە پاشا لە ئاهەنگێک ئەو کچە ببینێ و شەیدای ببێ، دەیخوازێ و لە شەوی ئاهەنگەکەیاندا کوڕە پاشا دەبینێ لەشی بووک چەندین خەتی شیری لەسەر دیارە، ئەویش پرسیاری لێ دەکا بۆ وایە، بوکەکەش لە وەڵامدا دەڵێ(( دەزانی من کێم؟ من کچە گاوانم، لەکاتی خۆی تۆ بەشیر لێت دام و پارچە پارچەت کردم، بەڵام لەبەر ئەوەی نسیبم بەتۆ بوو دەبوایە هەر بۆ تۆ بم، ئەگەر چی یەکەمجار ناشیرین بووم بەڵام بەکاری خوا چاک بوومەوە و جوان بووم))( هێلکەی نامێ٢ ،١٩٨).

تێمـــای ئەو دەقە ئەفســـانەیە هەر لەگەڵ ناونیشـــانەکەی ڕێـــک دێـــتەوە کە (چـارەنووس)ە، واتە خـوای گەورە چـی لە چارەنوسـی هەر کەسـێک نوسـیبێ، لەگەڵ ئەو کۆسـپ و تەگەرانەی کە دێـتە بەردەمیـان ، هەر دەبـێ بگـات بە چارەنووسـی خـۆی. ڕوداوی چـاکبونەوەی کچـی گـاوان دوای پـارچە پـارچەکردنی لەلایەن کـوڕی پاشـاوە بە ڕەگەزی ئەفسانەیی ئەم دەقە دادەنرێت و وەکو هۆکاری نەگۆڕانی چارەنوس هاتۆتەوە.

لە دەقێکـی تـری ئەفسـانەییدا بەنـاوی( گـورو سنۆبەر)دا تێمـای چـارەنوس کـراوەتە مەبەسـتی سـەرەکی، نـاوەڕۆکەکەی بـاس لە دوو کـوڕە پاشـا دەکـا دوای ئەوەی دایکیـان دەمـرێ باوکیـان ژن دێنێـتەوە و ئەو زڕدایـکە زۆر کـاری خراپیـان لەگەڵ دەکـا بـۆ ئەوەی لەناویـان ببـات و بیانکوژێـت تـا وای لیـدێ سـنۆبەر کە کـوڕە گەورەکەیە بێـزار دەبێـت و دەڕوات، دواتـریش گـور کـوڕە بچـوک بە دوای برایـدا دەڕوات. لەڕێگـادا دەگەنە یەک و زۆر ماندونە و گەلێک دەردە دڵ دەکەن ، سنۆبەر دەنوی و گور خەریکی ئەسپەکانی دەبی، بە هێزێکی ئەفسانەیی تەیرێک دێتە سەر دارەک و پێی دەڵێ(( دەزانم ئەنگۆ گور و سنۆبەرن ئێستا تەیرەک دێ لە پاشە مـن ئەو ڕەنگەیە ئەو شـکلەیەو بە حەفت ئـاواز دەخینـی ئەگەر بیگرن و بیکـوژنەوە ئەوەی سـەرک و سـنگی بخـوا ئەوا دەبێـتە پاشـا ئەوەی ئەوەکـانی دی بخـوا هەمـوو شـەوێ کیسـە پـارەک دێـتە بـن سـەری))( هـێلکەی نـامێ٢ ،٢١٤-٢١٥)، گـور بەشـەکانی تـر دەخـوا و سـەرو سـنگی تەیـرەکە بـۆ بـراکەی بەجـێ دەهێلـی، کەواتە هەر لەو ڕوداوەدا دەکرێ بوترێ چارەنوسـی کـوڕە پاشـا بونە بە پاشـا، هەرچەنـدە بەربەسـتی بـۆ دروسـت بکرێ. دواتر دێوێـک گوری برد و چۆوە ئەشـکەوتەکەی کە سـێ کـچە پاشای زۆر جوانی دیکەی لەوێ زیندانی کردبوو، لەگەڵ گور بونە خوشك و برا، پلانیان دانا بۆ لەناو بردنی دێوەکە تا ئازادبن، هەرچی سنۆبەرە لەخەو هەستاو نانی خواردو زۆر لە دوای گور گەڕا ،بەڵام نەیـدیتەوە. ڕۆیشـت گەیشـتە شـارەک پاشـاکەی مردبـو بازیـان هەڵـدەدا تـا پاشـایەکی نـوێ هەڵبژێـرن، بازیـان سـێ جار هەڵـدا هەر سـێ جـار لەسـەر سـنۆبەر نیشـت ، ئەوانـیش کردیـانە پاشـای خۆیـان ، واتە ئەو ڕوداوەش ئامـاژەیە بـۆ ئەوەی چارەنوسـی کـوڕە پاشـا بـون بە پاشـایە، لەلایەکـی تـر گـور و کچەکـان پلانیـان دانـا بـۆ لەنـاوبردنی دێـوەکە، کچەکـان لە دێوەکەیان پرسی کە ڕوحی لە کوێیە؟ ئەویش گوتی((ڕوحی مـن لەناو ئەو بیرەی نـاو ئەو ئەشـکەفتەیە کە چـل گەز قـوڕەو لەنـاو بیـرەکە گـۆلکەکی تێـدایەو لەنـاو زگـی گۆلکەکە مریشـکەکی تێدایە ،لەناو زگی مریشـکەکەش هێلکەک هەیە ڕوحی مـن ئەو هێلکەکەیە))(هێلکەی نامێ٢ ،٢١٦)، دوای هەوڵدانێکی زۆر توانیان هێلکەکە بێننە دەرەوەو بیشـکێنن ، دێوەکە مرد و ئەوانیش ئازادبوون، بەڵام هەر سێ کچەکە پێش ئەوەی بـڕۆن ، لەبەرانـبەر ئەو چـاکەیەی کە گـور لەگەڵـی کـردن تـا ئـازادبن و زۆریشـیان خۆشدەویسـت هەریەکەیـان کەرەسـتەی سـحراوی وەک(ئەنگوسـتیلە، قـۆریە، داوە پرچ)یـان

پێشکەش کرد، تا بۆ کاتی پێویست بەکاری بێنن و یارمەتی بدەن. گور ڕۆیشت تا گەیشتە شاری سنۆبەر لەو شارە گەلێک ئازاردراو پلانی کوشتنی بۆ داڕێژرا ،بەڵام چونکە چارەنوسی ژیان و مانەوەبوو ، بۆیە لەهەموویان قورتار بوو،دواجای پاپۆڕچی ویستی بیکوژێت ، بەڵام گور  چوە لای پاشا تا شکات بکات بینی سنۆبەری برایتی ، بەڵام سنۆبەر نەیناسیەوە ، گوریش داوایەکی لە پاشا کردوو گوتی(( شکایەتەکم هەیە ، بەڵام زۆر دوور و درێژە و شەرتم هەیە و بەسەرهاتەکی زۆر گەورەشی تێدایە))(هێلکەی نامێ٢ ،٢٢١)، پاشاش ڕازی بوو ، شەوەکەی هەموو ئەوانەی یارمەتیان دابو لەگەڵ تاوانبارەکانی بانگ کرد و مەجلیس دانیشت ، گور هەر هەموی گێڕایەوە  لەگەڵ سنۆبەر پێک شادبوونەوە و تاوانباران سزادران و یارمەتی دەرەکانیش خەڵات کران.

تێمای ئەو ئەفسانەیە(تێمای چارەنوس) لەهیچ شوێنێک بە ڕاستەوخۆ چ وەکو زاراوەی یان وەکو هێمایەک لەناو دەقەکەدا  ناوی نەهاتووە،بەڵام خوێنەر کاتێ چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکات دەگات بە ساتێک ، بەو ساتە دەڵێن (ساتی ڕۆشنایی... واتەمەبەست لە مەبەستی ئەو دەقەیە کە توێژەر(خوێنەر) هەست دەکات تروسکاییەکی بەدی کردووە سەبارەت بە ڕووداو و مەبەستەکە ، ئەوە دەکرێ بەساتی ڕۆشنایی هەژمار بکرێت،چونکە ئیدی لەوێدا توێژەر یەکلا دەبێتەوە و دەگات بە مەبەست و بیرۆکەی سەرەکی کە تێمای دەقەکەیە،ئەمەش لە ئەنجامی خوێندنەوە و لێوردبونەوەیە بۆ گەیشتن بەو پنتە گرنگە، بایەخی زیاتریش لەو کاتەدەبێت کە تێمەکە بە شاراوەیی هاتبێت وەک لەوەی ئاشکرا دەرکەوێت. )(عبدالکریم،٢٠١٤، ١٨٧)، زۆربەی ڕەگەزو کەرەستەو ڕوداوە ئەفسانەییەکانی وەک( قسەکردنی تەیر، باز هەڵدان، ڕوحی دێو لەناوهێلکە، ئەنگوستیلە، قۆریە، داوە پرچ،کیسە پار،حەزیا)  لە خزمەتی دروستکردن و گەیشتن بوو بە تێمای ئەفسانەکە. واتە دەکرێ بوترێ چارەنوسی ئەو دوو کوڕە پاشایە مانەوەبو لە ژیان و گەیشتن بوو بەو چارەنوسەی خۆیان ،هەرچەندە زۆر بەربەستیان بۆ دروستکرا ، بەڵام بەسەریاندا زاڵ بوون.

### ٢-٣ تێمای گەڕان بەدوای بەختتدا:

ئەم تێمایە یەکێکە لە تێما باوەکانی ناو چیرۆکە ئەفسانەییەکاندا، ڕەنگە پاڵەوانەکە بەهۆی خەونێک یان ئامۆژگارییەک یان نزایەکەوە بەدوای نهێنی بەختی خۆیدا بگەڕێ. لە ناوەڕۆکی دەقی ئەفسانەی هێلکەی نامێدا ، باس لە کوڕە پاشایەک دەکات بەناوی ئەحمەد و پیرێژنێک وەکو مۆتیفێک هاتووە لە پاداشتی چاکەیەک کە لەگەڵی کردووە، نزای بۆ دەکات کە بگاتە هێلکەی نامێ . ئەو نزایەش وا لە پاڵەوانی ئەفسانەکە دەکات پرسیار لەبارەی هێلکەی نامێ لە پیرێژنەکە بکات کە چۆن دەستی بکەوێت،

پیرێژن دەڵێ(( کوڕم بڕۆ بە باوکت بڵێ با گۆچانەکی ئاسن وقۆندەرەکی ئاسنت لەلای ئاسنگەر بۆ دروست بکا، ئینجا هەر بڕۆ هەر بڕۆ هەتا گۆچانەکە دەشکێ و قۆندەرەکەش دەدڕێ ئەوجا دەگەیە هێلکەی نامێ))(هێلکەی نامێ١ ،١٠٧)، ئەمەش دەلالەتە بۆ ئەوەی گەیشتن بە هێلکەی نامێ نیمچە مەحاڵە و ماندووبونێکی زۆری دەوێ، بەڵام کوڕە پاشا سووربو لەسەر ئەم کارە ، داوا لەباوکی دەکا و کەرەستەکانی ئامادەدەکات و دەڕوات، دوای ماندووبونێکی یەکجار زۆر و شکانی گۆچانەکەی و دڕانی قۆندەرەکەی دەگاتە دارێک کە هێلکەی نامێی گرتووە، بە ڕێنوێنی منداڵێکی ساوای ناو لانکە لەو شوێنە، سێ هێلکە لێدەکاتەوە، دوانیان دەشکێنێ و کچی جوانی لێ دێتەدەرێ،بەڵام لەبەر بێ نان و ئاوی لێی بزر دەبن، دوای پەیداکردنی نان و ئاو هێلکەی سێیەم دەشکێنێ و کچێکی لەوانی تر جوانتری لی دێتەدەرێ، ئەحمەدیش کچەکە لەسەر دارێکی بەزر دادەنێ و دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەواڵ بداتە ماڵی باوکی بۆ خۆئامادەکردنیان بۆ ئاهەنگگێران. لەو ماوەیەدا کچە قەرەجێکی سۆرەی چاوشین (کە ئەو شێوە ڕوخسارە لە ئەفسانەی کوردیدا ڕەمزی کەسێکی فێڵبازو و ناپەسندە)، فێڵ لە هێلکەی نامێ دەکات و سحری لێدەکات و دەیکاتە کۆتر، خۆشی دەچێتە شوێنی ئەو، دواتر ئەحمەد دێتەوە و کچە دەبینێ ،زۆر دڵی تونـد دەبی، چونکە هێلکەی نامێ هەمان جوانی پێشوتری نەمایە، بەڵام لەگەڵ خۆی دەیبات و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، ئەحمەد و بوک دەچنە ناو باخچەی کۆشکەوە، لەو کاتە کۆترێک دێت ، کە توانای قسەکردنی هەیەو هەموو نهێنیەکان ئاشکرا دەکات و دەڵێ(( ئەحمەد ئەمن هێلکەی نامێم، سۆرەی چاوشین بە سحر ئەمنی کرد بە کۆتری ناو داران))(هێلکەی نامێ١ ،١٠٨)، پاشان هێلکەی نامێ دەبێتەوە کچە جوانەکەو سۆرەی چاوشین بەسزای خۆی دەگات و ئەحمەد و هێلکەی نامێ بەیەکتر شاددەبنەوە.

لەم دەقە ئەفسانەییەدا تێمای گەڕان بەدوای بەخت بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕاستەوخۆ دیارنیە ، هیچ ئاماژەیەکی زمانی بۆ ئەو تێمایە نییە ، بەڵام هەر لەو کاتەی یارمەتی پیرێژنەکە دەدا ،هەست بەوە دەکات کە نزایەکی خێری بۆ کراوە، بۆیە ئەحمەد سوردەبێ لەسەر گەڕان بەدوای هێلکەی نامێدا و بەدوای بەختی خۆیدا دەگەڕێ ،ئەگەرچی سۆرەی چاوشین کێشەی بۆ دروست دەکا ، بەڵام لە کۆتاییدا ڕاستیەکان ئاشکرا دەبێ و ئەحمەد و هێلکەی نامێ بەیەکتر دەگەن.هێلکەی نامێ خۆی وەکو ڕەگەز و کەرەستەیەکی ئەفسانەیی هاتووە ،کە کچێکی جوانی لێ دێتە دەرێ ، ئەو کچە سحری لێ دەکرێ و دەبێتە کۆترێک کە توانای قسەکردنی هەیە ، هەروەها قسەکردنی منداڵی ساوا وەکو ڕێ پیشاندەرێک ، دەکرێ ئەمانەش وەکو مۆتێف سەیربکرێن لەپێناو گەیشتن بە تێمای سەرەکی دەقە ئەفسانەییەکە.

**٢-٤ تێمای چاکە چاکەی لە دوایە:**

بێگومــان هەمــوو کــارێکی چــاکە، پاداشــتی خــۆی هەیە و ڕۆژێــک لە ڕۆژان دێتەوەڕێت. لە دەقی (فەقێی سیمرخ)دا، باس لە فەقێیەکی چاکەکار و دڵباش دەکات کە لە ئەشکەوتێک دەژیا ، ڕۆژانە بە کاری ڕاو خەریک بووە، ئەگەر سەرنج بدرێتە ناوەکەشی (فەقێ) هەر دەلالەت لە کەسێکی باش و پەیڕەوکارو خوا پەرست دەکات . لەسەرمای زستان و برسیەتیدا یارمەتی چەند ئاژەڵێکی داوە و خوردنی پێداون و لە ئەشکەوتەکە لەگەڵی دەژیان، وەک( ڕێوی ، گورگ،پڵنگ، ورچ، سیمرخ) . ڕۆژێک مام ڕێوی بیر لەوە دەکاتەوە کە پێویستــە ئەوانــیش چــاکەی لەگەڵــدا بــکەنەوە بــۆیە بە هاوڕێکــانی دەڵــێ(( خــۆ فەقــێ چاکیەکا گەلەک بـاش یـادگەل مە کـر ڤـێ زسـتانێ لازمە ئەمـیش چاکیـا وی ڕاسـت بکەینەڤە وانیش هەمیا گۆت زۆر باشە))(هێلکەی نامێ٢ ،١٣١-١٣٢).کاتێ فەقێ هاتەوە مام ڕێوی پێی گووت(( فەقێ ئەم شەرمەزاری توینە تو چاکیەکا گەلەک باش یا دگەل مە کر دا بۆتە ژنەکی بینین. فەقێ گۆتێ: ئەز یێ ئەشقی مە ئەو نابیت گۆتیان نەخێر هەر بهێنین کا بێژە تو کێ دڤێت. فەقێ گۆت: کیژا فلان حاکم و بـاژێرە بەس گۆت ل زۆر ناهێتەدەر نە ب شـەڤ نەب ڕۆژ))(هـێلکەی نـامێ٢ ،١٣٢). دوای هەوڵـدان و مانـدووبونێکی زۆر توانیان کەچەکە بۆ فەقێ بڕفێنن لە فەقێیان مارەکرد، بەڵام توشی شەڕێکی گەورەبوون لەگەڵ ماڵی باوکی کچەکە، هەریەک لەو ئاژەڵانە عەشیرەتا خۆی بانگکرد و توانیان لە شەڕەکە سەرکەون و فەقێ بکەنە حاکمی ئەو شارە.

تێمای ئەو دەقە ئەفسانەییە بریتییە لە چاکەکردن لەگەڵ دەورووبەری خۆت، کە ئەمەش یەکێکە لە ڕەفتار و خەسڵەتە هەرە دیارەکانی تاکی کورد ،کە بەناوبانگن بە پیاوەتی و چاوتێری و دڵفراوانی، جگە لەمەش تێمای ئەو ئەفسانەیە لەگەڵ چەند پەندێکی کـوردی ڕێــک دێــتەوە کە واهــاتووە( چــاکە بــکەو بە ئــاوی دادە، یــان چ بچیبــی ئەوە دەدورییەوە)، واتە دوای ئەنجامدانی کارێکی چاکە، هەرچەندە چاوەڕوانی پاداشتی ناکەی ، بەڵام خوای گەورە پاداشتەکەت دەداتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەناو دەقە ئەفسانەییەکەدا ناوی چیاکانی کوردستان وەکو نموونە هێنراونەتەوە ، کە ئەمەش دەلالەتێکی ترە، کە ئەو دەقە ئەفسانەیەکی کوردییە و مۆرکی میللەتی کوردی هەڵگرتووە. لەم دەقەدا قسەکردنی ئاژەڵەکان وەکو ئەفسانەیەک هاتۆتەوەو یارمەتیدەرە بۆ دەرخستنی تێماکە.

**٢-٥ تێمای تۆڵەسەندنەوە:**

تۆڵەسەندنەوە حاڵەتێکی دەروونی مرۆڤە ، کاتێک کەسێک غەدرێکی لێ دەکرێ، جا چ بە زمان بێ یان بە کردار ، هەستی تۆڵەکردنەوە و وەرگرتنەوەی مافی خۆی دەبزوێ و هەوڵی ئەنجامدانی دەدات، واتە(( تۆڵەسەندنەوە ئارەزووی سزادانی کەسێکە کە ئازاری یەکێکی تری داوە، تۆڵەسەندنەوە یەکێکە لە ئاڵۆزترین پاڵنەرەکانی مرۆڤ و ژمارەیەک چەمکی فەلسەفی بەدوایدا دێت، لەوانەیە بە دەربڕینی تووڕەیی، یان بەدەستهێنانی دادپەروەری، یان لە بەربەست بۆ ڕێگرتن لە دووبارەبونەوەی هێرشێک بێت))(قاسم،٢٠٢٢)، ناوەڕۆکی دەقی ئەفسانەی(سۆرەی چاوشین)باس لە یارمەتیدانی خێزانێکی دڵباش دەکات بۆ کەسێکی بریندار نەناسراو، کەوا باوکەکە زگی پێ سوتاوەو داو دەرمانی کردووەو خواردنی پێداوە تا بەتەواوی چاک بۆتەوە، هەرچەندە کچەکەی دەڵێ باوکە ئەوە کەسێکی سۆرەی چاوشینە و ناپەسندە، دوای چاکبونەوەی دەستی خۆی دەبینێ و فێڵیان لێ دەکات، شەوێکیان باوک و کوڕە تاقانەکەیان سەردەبڕێ و کچە گەنجاکەو هەمو مەڕومالات و ڕەوە حوشترەکەیان دەبات و بۆ شوێنێکی دوور دەڕوات، تەنیا دایکە سکپڕەکە بەجێ دەهێڵێ، دوای چەندین ساڵ دایکەکە کوڕێکی دەبێ و ناوی لێدەنێ ئەحمەد، ڕۆژێک لەگەڵ جیرانێکیان بەشەڕ دێت و جیرانەکە بە ئەحمەد دەڵێ بڕۆ تۆڵەی باب و براو خوشکت بکەوە، ئەویش دوای هەوڵێکی زۆر دایکی ڕاستیەکانی پێ دەڵێ، نیشانەو هێمای حوشترەکانی پێ دەڵێ ،ئەویش بەدوای خوشکیدا دەچێ ، تا دەیبینێتەوەو پێی دەڵێ براتم ئەویش بیر دەکاتەوە (( کاتێ ئەوهایان لێ قەوما داکی زگی هەبوو وەلحاسڵ لێک ئاشکرابوون کە خوشک و برای یەکدینە ئەحمەد دەرێ ئەمن هاتایمە لۆ تۆرەکردنەوەی حەقی خۆمان))(هێلکەی نامێ٢ ،٢٠٩)، لەو ڕۆژەشدا سۆرەی چاوشین ژنی دەهێنا ئێوارەکەی (سۆرەی چاوشین) سەردەبڕێ و بە خوشکەکەی دەڵێ(( دەچمە کن بووک لۆ ئەوەی تۆرەی شەرەفی تۆ بکەمەوە))(هێلکەی نامێ٢ ،٢١٠) تۆڵەیان دەکاتەوەو دەڕۆن .

تێمای ئەو ئەفسانەیە بریتییە لە تۆڵەسەندنەوە، بێگومان هەر کاتێک غەدرو چەوسانەوە هەبێ ،کەسی چەوساوە بیری بۆ تۆڵەکردنەوەی دەچێ. بەگشتی ئەو ڕەفتارە لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتووی جیهان ڕەگ و ڕیشەیەکی قوڵی هەیە و تا ڕادەیەک بەردەوامی هەیە، کۆمەڵگەی کوردیش لەو حاڵەتە بەدەر نییە ،چونکە تۆڵەسەندنەوە لە سیستەمی نادادپەروەرانەدا گەشە دەکات وشیرازەی کۆمەڵگە تێکدەدات. کەواتە دەکرێ بوترێ تۆڵەسەندنەوە مێژوێکی کۆنی هەیە و ئەو حاڵەتەش لە ئێستادا ڕەنگە کەم ببێتەوە ،بەڵام هەرگیز بنبڕ نابێ ،چونکە پەیوەستە بە دەروونی مرۆڤەکانەوە. تێمای ئەفسانەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئامادەیی هەیە و لە ڕێگەی ئەحمەدی پاڵەوانەوە گوزارشتی لێوە

دەكرێ، دیاردەی تۆڵەسەندنەوەی ناو ئەفسانەكەش كێشەی خوێنداری و ناموسە، كە ئەو تۆڵەسەندنەوانەش لەناو كۆمەڵگای كوردەواریدا تاڕادەیەك ماوە و بەرچاو دەكەوێت.

### ٢-٦ تێمای پاراستنی نهێنی:

پاراستنی نهێنی جۆرێكە لە وەفا بەو بەڵێن و متمانەیەی كە بە كەسێك دەسپێردریت، لە دەقی ئەفسانەی (عەفان و عەبەلۆردا)، تێمای پاراستنی نهێنی پەیام و بابەتی سەرەكی هەقایەتەكەیە. لەو ئەفسانەیەدا باسی خۆشەویستی دوو ئامۆزا دەكات كە هەردووكیان هێزی سحراوییان هەیە، دواتر دەبنە هاوسەری یەكتر، بەڵام عەبەلۆر كە خێزانی عەفانە، لەگەڵ جوویێك، خیانەت لە هاوسەرەكەی دەكات (جوو لە هەقایەتی ئەفسانەییدا ڕەمزی خراپەكارییە) شەوانە مۆری خەو لەسەر سنگی دادەنێت و دەڕوات ، پاش ئەوەی عەفان بۆی ئاشكرا دەبێ ،جووەكە دەكوژێ و سەرەكەی بۆ عەبەلۆر دێنێتەوە، عەبەلۆریش لە ڕقان عەفان دەكاتە سەگ، دوای ماوەیەك كچێك كە هێزی سحری هەیە عەفان دەكاتەوە مرۆڤ تەنها كلكی پێوە دەمینێ، دەچێتە لای عەبەلۆرو هێزی سحراوی خۆی بەكاردێنێ و دەیكاتە كۆترێكی باڵ شكاو. ڕەوڕەوەی زەمەن دەڕوات و كات تێدەپەڕێ، هەموو خەڵك دەیانویست لەو چیرۆكە تێبگەن، بەڵام عەفان بڕیار دەدات ئەو نهێنییە بە پارێزراووی بمێنێتەوە و نابێ كەس پێی بزانێ ،چونكە(( عەفان شەرتی كردبوو كە هەر كەسێك حیكایەتەكەی ئەو و عەبەلۆر بگێرێتەوە ئەوە دەیكوژێت بۆیە تا ئەو كات ئەو سڕە بە نهێنی دەمێنێتەوە)).( هێلكەی نامێ١ ،١٩٥)، بەڵام كەسێك فێڵ لە عەفان دەكات كاتێ چیرۆكەكەی بۆ دەگێرێتەوە ، ئەویش دەچێتە سەربان بە بیانوی ئەوەی پێش كوشتنی شارەكەی ببینی، سواری سەرپشتی سیمرخ دەبێ و دەڕوات، عەفانیش كە زانی نهێنییەكەی ئاشكرا دەبێ ،یەكسەر شیرێكی لە عەبەلۆر داو كوشتی دواتریش خۆی كوشت.

پاراستنی نهێنی یەكێكە لە ڕەفتارەكانی مرۆڤی تێگەیشتوو، كەوا لەڕووی ئایینی و لە ڕووی كۆمەڵایەتیەوە پێویستە پابەند بوون هەبێ بەو بەڵێنە، تێمای ئەو دەقە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ هاتۆتەوە ، كەرەستەو هەڵسوكەوتە ئەفسانەییەكانی وەك دانانی مێرووی خەو لەسەر سنگی عەفان و ئەسپی باو باران و گۆڕینی پاڵەوانی هەقایەتی ئەفسانەكە بۆ سەگ و كۆتر، ئەوانە لە خزمەتی ئاشكرابونی خیانەتی عەبەلۆر بوونە، بەهۆی ڕەگەزی ئەفسانەیی سیمرخێش نهێنیەكەیان بەناو خەڵكدا بڵاوبۆوە، بەڵام تا عەفان لە ژیاندابوو ئەو چیرۆكە هەر بەنهێنی مایەوە.

### ٢-٧ تێمای قارەمانیەتی:

چەمكی پاڵەوان چەمكێكە لە هەموو كۆمەڵگا و ئایینەكاندا هەیە، پاڵەوان (( ئەو پیاوە مەزنەیە كە لە ژیان و مردنیدا وەك كانیاو و ڕووناكییەكە ، ئەو ڕووناكیەی

هەمــوو تاریکیەکــانی ژیــان ڕووناکــدەکاتەوە....کارلایل وا دەبینــێ پــاڵەوان پیــاوکوژان و ستەمکاران ناگرێتەوە ،بەڵکو پاڵەوان ئەو کەسەیە کە بەدوای پێشکەوتنی کۆمەڵگادا دەگەڕێــت و کەســێکە درووســتکراوی دڵــی جیهــانە و هەنــاوی گەردوونە، بەشــێکە لە حەقــیقەتە بنچینەییەکان))(السهلانــي،٢٠٢١)، کــورتەی چیرۆکــی ئەفســانەیی( ئەو دێــوەی ویستی کوڕی ئاشەوان بکوژێ) باس لە کوڕە ئاشەوانێکی زۆر بەتوانا و کچە پاشایەک دەکات، کچەکە ئاشقی دەبێ ،دواتر پەیوەندی لەگەڵ یەک دادەنێن و بەبێ ئاگاداری پاشا دەڕۆن و لەو شارە نامێنن، کوڕەکە تێرێک دەهاوێژێ تا بەرەو ئەو شوێنە نادیارە بڕۆن، تیرەکە لە مـاڵی نـۆ بـرای دێـو دەچەقـێ، بەرەو ئاراسـتەیە دەڕۆن و دەچـنە ئەو مـاڵە. سـەرەتا لەگەڵیان باش دەبن، دواتر دەزانن کە کوڕی ئاشەوان زۆر بەهێز و توانایە، لەناو خۆشیاندا پلانی لەناوبردنی بۆ دادەنێن و دەبێتە ناکۆکیان، کوڕی ئاشەوان هەست بەو مەترسیە دەکا و هەشت دێو دەکوژێ، تەنیا یەکێکان دەمینێ و بە شەلە شەل دەچێتە ناو چاڵێک و خۆی دەشارێتەوە. ئەوانیش وەکو دوو هاوسەر دەست بەسەر هەموو شتەکانیاندا گرت و دەیکەنە ماڵی خۆیان ، کوڕی ئاشەوان هەموو ڕۆژێ دەچووە ڕاو. ڕۆژێکیان دێوە شەلەکە دێتەوە و لە دەرگا دەدات، بەڵام ژنەکە لێی ناکاتەوە ، دێوەکەش فێڵی لێ دەکا و دەڵێ من سەرسامی تۆم و تەنیا یەک پەنجەی بچوکتم بۆ بێنە دەرەوە، ئەویش بەگوێی دەکات ، بەڵام گازی لێ دەگرێ و زۆر ئازاری دەدات ئەویش بەناچاری دەرگای لێ دەکاتەوە. دێوەکە بە ژنەکە دەڵێ پێویستە ئەو هاوسەرەت لەناوببەین، ژنەکەش ڕەنگە لە ترسان بە گوێی بکات یاخود خیانەت لە هاوسەری خۆی دەکات. دێوەکە سێ جار پلانی کوشتنی کوڕی ئاشەوان دادەنێت کە داوای شتی وای لێبکا گەڕانەوەی مەحاڵ بێ ، یەکەمجار ژنەکە بە هاوسەرەکەی دەڵێ(( نەخۆشم بیستومە بەرازی کێوی لە دارستانێ دا هەیە ئەگەر جەرگی ویم بگاتێ ئەوە چاک دەبم دەنا دڵنیابە دەمرم و ئەو بەرازە کێویەش هەر لەبن دار بەڕووی دا دەژی))(هێلکەی نامێ٢ ، ٢٠٢)، کوڕی ئاشەوانیش دوای ماندووبونێکی زۆر بۆی پەیدادەکات، جاری دووەم ژنە دەڵێ(( جەرگی نێریە شووریم بۆ بێنە بیخۆم تا چاک ببمەوەدەنا دەمرم))(هێلکەی نامێ٢، ٢٠٣) ، ئەویشی بۆ هێنا . بۆ جاری سێیەم دەڵێ(( ئەگەر ئاوی حەیاتێم بۆ دێنی دەنا دەمرم))(هێلکەی نامێ٢ ،٢٠٤) ئەو جارەیان کوڕی ئاشەوان لە ڕێگادا توشی ئەسپێکی ئەفسوناوی لێ پەیدادەبێ کە هێزێکی لەڕادەبەدەری هەیە ، دەتوانێ بە کاتێکی کەم بیگەیەنێتە شوێنی مەبەست، دواتر ئەسپەکە دەیباتە شوێنێک کە ئاوی حەیاتی لێ بوو هەروەها نزیکی خانوی ژنە جادوگەرێک دەبێ کە ئاگاداری هەموو ژیانی کوڕی ئاشەوانە و پێی دەڵێ(( ژنەکەی بێ وەفایە ئەو دێوێکی خۆشدەوێ ئەوان خەریکی پلانێکن بتکوژن کوڕە نەچییەوە))(هێلکەی نامێ٢، ٢٠٥)، بەڵام کوڕەکە باوەڕی پێناکات و دەچێتەوە ماڵەوە و ئاوی حەیاتی بۆ دەبات. دوای ئەوەی دێوەکەو ژنەکە بێ ئومێد

دەبــن و پلانەكانیــان ســەرناگرێ لەبەر ئــازایەتی و قارەمــانیەتی  كــوڕی ئاشــەوان. بیــر لەوە دەكەنەوە كە ژنەكە لێـــی بپرســـێ هێـــز و توانـــات لە كوێـــدایە ، ئەویـــش دەڵـــێ لە شانەكانمدایە، واتە لێرەدا نهێنی خۆی بۆ ژنە خیانەتكارەكەی باس دەكا ، كە ئەمەش كــارێكی خــراپە و دواتــر لە دژی بەكــاری دێنیــتەوە ، بــۆیە بە پلانێــك دەیــخەنە نــاو مەنجەڵێكــی زۆر گەورەو ســەری دادەخەن و دێــوەكە لە شــوێنێكی بەرز دەیخــاتە خــوارێ و دەگاتە نزیــك مــاڵی ژنە جادوگەرەكە ، سەیری ناو مەنجەڵەكە دەكات و دەبینـی  كوڕی ئاشەوانە و لەشی هەموو تێكشكاوە ، ئەویش(( هێنای هەموو لەشی پارچە پارچە كرد و بە ئــاوی حەیــاتی شوشــتیەوە . دوایــی پارچەكــانی لەشــی هەمــوو هێنــان بە تەنیشــت یەكەوە هەر پارچەی لە جێگای خۆی دانایەوە و كوڕەكە زیندوو بۆوە و چاوەكانی هەڵێنان و هەستایە ســەرپێ. جــادووكەر زۆر شــاد و دڵخــۆش بــوو كــوڕەكە لە باوەشـــی وەرێنــا و مــاچی كــرد))(هێلكەی نــامێ٢ ،٢٠٦)، لێرەدا هێزی ئەفسانەیی ئاوی حەیات بە دەردەخات (كە  لە زۆر ئەفســانەكان باســی كــراوە)، كە توانــای زینــدوكردنەوەی مرۆڤــی هەیە و نەمــری پــێ دەبەخشــێ ، كــوڕەكە بــاوەڕ بە جــادووكەرەكە دەكــات و دەچێــتەوە  دێــوەكە و ژنەكەی دەكوژێت و تۆڵەی خۆی دەكاتەوە، ژنە جادووكەرەكەش دەخوازێ.

ئاشەوان و سەركەوتنی بەسەر چەندین دوژمنەكانی، هەروەها زاڵبونی بەسەر هەمـوو بەربەســتەكان، لەكــاتی پەیــدا كردنــی داواكاریە مەحاڵەكــانی ژنەكەی بە یــارمەتی چەنــد ڕەگەزێكــی ئەفســانەیی وەك ئەســپی ئەفســوناوی ، ژنەی جــادوكەر، ئــاوی حەیــات، جەرگــی ئاژەڵ ،بۆیە دەكرێ تێمای قارەمانییەتی بۆ دەقی (ئەو دێوەی ویستی كوڕی ئاشەوان بكوژێ) وەك دەقێكی ئەفسانەی كوردی دەستنیشان بكرێ ، كە بوێری و قارەمـانیەتیش یەكێكە لە سیفەتەكانی تاكی كورد.

**٢-٨ تێمای عەشق:**

عەشق هەستێكی سروشتی دەروونی مرۆڤە ،كۆتا پلەكانی خۆشەویستییە، ئەرستۆ دەڵێــت(( عەشــق كــوێری هەســتە لە زانــین و درك پێكردنــی عەیــب و كەموكوڕییەكــانی مەعشوق))(كحالة،1978، 8)، دەكرێ بوترێ عەشق سەرچاوەیەكی ڕوحییە و پەیوەستە بە ناخ و هەستی مرۆڤەوە. دەقی ئەفسانەی (نیقاپۆش ) باس لە عەشقێكی پاك و ڕاستەقینە لە نێوان دوو ئــامۆزادا دەكــات، كە هەر لە منــداڵییەوە لەگەڵ یەكتــر گەورە بــوونە،  پــاڵەوانی ئەم دەقە ئەفســـانەییە (نیقـــاپۆش) دەڵـــێ (( ئـــێمەش پـــێكەوە دەژیـــاین و دەمانخوێنـــد و پاڵەوانیەتیمان دەكرد و ببوینە ئاشق و ماشوقی یەكتر))(هێلكەی نامێ١ ،٢٦). گێڕانەوەی ئەم چیرۆكە لەلایەن ئیمام هەمزەوە ئەنجامدراوە، دوای ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) ددانی دێشێ ، ئیمام هەمزە دێنن تا چیرۆكێكی لۆ بگێڕێتەوە كەس نەیبیستبێ  تا چاك بێتەوە، ئەویش

بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە، دەڵێ جارێکیان کەسێکی نیقاپۆشم لەڕێگادا بینی کەوتمە زۆرانبازی لەگەڵی، بەڵام چەندین جار هەوڵم دەدا و گورزم ڕادەوەشاند، بەڵام سوارە نیقاپۆشەکە هەر نەدەکەوت و زۆر ئازابوو، دواى گەیشتنە ماڵی نیقاپۆش و حەسانەوەیان ، چەند جارێکی تر زۆرانبازێیان کرد تا لە کۆتایی ئیمام هەمزە توانی لە زەوی بدات و ویستی بیکوژێ، بەڵام نیقاپۆش دوو فرمێسی لە چاوی هاتە خوارێ و گوتی بمکوژە، بەڵام ئیمام هەمزە گوتی ناتکوژم تا نەزانم بۆ گریای، نیقاپۆش گوتی چیرۆکی من دوور و درێژە، ئیمام هەمزەش پێی گوت دەبی بۆم بگێڕییەوە، ئەویش باسی ئەشقی خۆی و ئامۆزاکەی کرد، خۆی کوڕە پاشا بوە و ناوی ئەحمەدە دوای مردنی باوکی ، مامی دەست بەسەر هەموو شتەکاندا گرتووە و نیقاپۆشی لە شوێنێکی دوور داناوە، کچەکەشی نەداوەتێ. ئەحمەد دەڵێ(( دەستگیرانەکەشم لەوەتەی لێک دابڕاوین لە کۆشکی خۆی یاخی بووە و شیرێکی بە دەستەوەیە، باڵدار بە پێشیدا بڕوا باڵی دەشکێنی، باڵدار بەسەریدا بڕوا باڵی دەشکێنی. منیش هەرچی دەکەم بە تەنیا هیچم بۆ ناکرێ و نەدەتوانم ئەو ڕزگارکەم، نە ئەویش دەتوانێ لە دەستیان هەڵبێ))(هێلکەی نامێ١ ،٢٦). ئیمام هەمزەش پەیمانی یارمەتیدانی پێدەدات و دەچنە ناو شار بۆ ئازادکردنی دەستگیرانەکەی ئەحمەد. دوای هەوڵ و ماندوبونێکی زۆر توانیان ڕزگاری بکەن و هەڵبێن، بەڵام دوژمنەکان بەدوایاندا دەچن و چوار دەوریان لێ دەگرن، ئیمام هەمزە و ئەحمەد و دەسگیرانەکەی هەر سێکیان پاڵەوانی بوێر بون ، بۆیە ڕووبەڕویان بونەوەی هەموویان کوشتن، بەڵام ئیمام هەمزە لە گەرمەی شەڕدا ئاگای لەخۆی نامێنێ و سەری ئەحمەدیش پەل دەدات و دەیکوژێت، بە ناچاری گۆڕێکی بۆ هەڵدەکەنن و دەینێژن. دەستگیرانەکەشی زۆر دڵتەنگ دەبی و بە ئیمام هەمزەی گوت(( ئیمام ئێمە دەستگیرانی یەکتربووین و ئامۆزاو عاشقی یەکتریش. حەز دەکەم کەمێک ماوەم بدەی بۆ خۆم لەسەر قەبرەکەی بە دڵی خۆم تێر بگریەم))(هێلکەی نامێ١ ،٣٠)، ئیمام هەمزەش بەجێی دێڵی و دوور دەکەویتەوە، بەڵام کاتێ سەیر دەکات کچەکەش لەسەر گۆڕی خۆشەویستەکەی خۆی کوشتووە. ئیمام ئەویش لەتەنیشت ئەحمەد دەنێژێ. کاتێ ئیمام هەمزە لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە تەواو بوو ، خۆشەویستمان پێغەمبەر(د.خ) ئەمری کرد بچنە ئەو شوێنە، تا نزایان بۆ بکات و چاکببنەوە ، بۆیە (( خودا دوعای قبووڵ کرد و گۆڕەکان شەقیان بردووە کوڕە و کچە بە دەرکەوتن یەک و تەنکە ئارەقیان کردووە، دەتگوت تازە خەویان لێکەوتووە، دەڵێ : چاویان هەڵێنا و گوتیان: چیە.. قیامەتە؟ گوتیان نەخێر، ئەوە پێغەمبەری خوای دوعای بۆ ئێوە کردووە و ئێوەی زیندوو کردوتەوە، ئێستا دەتوانن پێک بگەن و هەرچەندی بتانەوێ بژین! گوتیان باشە دیسان دەبێ جارێکی تر بمرینەوە؟ گوتیان بەڵێ....... گوتیان: نامانەوێ جارێکی تر ئازابی گیان کێشان ببینینەوە،

لێمان گەڕێن ژیانی ئێستامان خۆشترە، ..، پێغەمبەر ئەمری کرد دایانپۆشتینەوە و گۆڕەکانیان داپۆشتەوە))(هێلکەی نامێ١ ،٣٠).

چیرۆکی بەیەک نەگەیشتنی عاشق و مەعشوقەکەی لەناو میللەتی کورددا هەمیشە هەبووە، هەندێ جاریش بە کارەسات کۆتایی هاتووە ، دیارترین نموونە چیرۆکی ئەڤینداری و دڵتەزێنی (مەم و زین )ە، کە ئەحمەدی خانی لەسەر بنەمای چیرۆکێکی ڕاستەقینە نوسیویەتی، لەگەڵ ئەفسانەی نیقاپۆش لێکچون لەنێوانیاندا هەیە وەک پێک نەگەیشتنی دوو دڵدار ، گیان لەدەستدانی کوڕەکە و کردەی خۆکوژی کچەکە لەتاو ئازاری نەمانی عاشقەکەی، هەبونی کەسانێکی خراپ بۆ نەگەیشتنیان بە یەکتر، نێژرانی عاشق و مەعشوقەکە لە تەنیشت یەکتر.

جیاوازی ئەم دەقە لەگەڵ دەقە ئەفسانەییەکانی تر تێهەڵکێش کردنی کەسایەتی پێغەمبەر(د.خ) و ئازایەتی کەسایەتی ئیمام هەمزە بووە لە ئەفسانەی کوردیدا ، چونکە لە ئەفسانەدا ڕەگەزی پیرۆزکردنی کەس و باوەڕەکان هەیە، کاری زیندووکردنەوەی مردوان وەکو ڕەگەزێکی ئەفسانەیی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە تێمای سەرەکی دەقەکەوە هەیە ، ئەویش تێمای ئەشقێکی ناکامە لە نێوان دوو ئامۆزادا.

**ئەنجام**

1. تێمای هاوبەشی نێوان زۆربەی ئەفسانەکان، سەرکەوتنی هێزی چاکەیە بەسەر هێزی خراپەدا.
2. تێمای دەقی ئەفسانەکان زۆر بەهێزترن لەچاو تێمای ژانرەکانی تر کە دروستکراوی خەیاڵی تەنیا نوسەرێکن، چونکە دەقە ئەفسانەییەکان لێکدانەوەو شیکردنەوەی مرۆڤایەتین و ڕوداوەکانی ئەزمونکراون، واتە هەر ڕووداوێک ڕویداوە دواتر لێکدانەوە و شیکردنەوەی بۆ کراوەو بە تێپەڕبونی کات ئەو دەقە کۆکراوەتەوەو نوسراوەتەوە.
3. لە "هێلکەی نامێ"دا گەلێک جۆری تێما بەکارهاتووە، وەک خیانەت، چارەنووس، قارەمانێتی، عەشق، تۆڵەسەندنەوە، گەڕان بەدوای بەخت، چاکە چاکەی لەدوایە، پاراستنی نهێنی، ..... . لە نموونەی وەرگیراوی ئەم توێژینەوەیەدا تێمای چارەنوس لە جۆرەکانی تر زیاتر بەکارهاتووە.
4. تێماکان هەڵگری ئەو خەسڵەتانەن کە لە سیفاتەکانی تاکی کورد بەدیدەکرێ و لە هەندێک لە دەقەکان ناو و شوێنی خاکی کوردان هاتووە، بۆ نموونە (چیای شیرین، گوڵخاتر، سۆرەی چاوشین، مام ڕوڤی،...).

5. جۆری تێماکان پڕن لە ڕەهەندە مرۆڤایەتییەکان، لایەنی دەروونی پاڵەوانەکان پیشان دەدات.

6. لە کۆی ئەم دەقە ئەفسانەییانەی لەم توێژینەوەیەدا وەرگیراوە، حەوت دەقی ئەفسانەیی ئەم توێژینەوەیە تێماکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرکەوتون،کەچی لە دوان یان بە ناڕاستەوخۆ هاتووە.

## سەرچاوەکان

### کوردیەکان

### کتێب


- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد(٢٠٠٦)، ئەزموونی خوێندنەوە و چەند لاپەڕەیەکی ڕەخنەیی،دەزگای چاپ پەخشی سەردەم،سلێمانی.
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم(٢٠٢٠) ،قەدەغەشکێن- دارەڕێی ئەفسانەی کوردی،چاپخانەی تاران،چ ١، ئێران.
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم(٢٠٠٦)، هێلکەی نامێ(کۆمەڵێک ئەفسانە و حیکایەتی جۆراوجۆری فۆلکلۆری نێو کوردەوارییە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی- زنجیرە کتێبی کەلەپوری ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان،بەرگی یەکەم –بەشی یەکەم ، هەولێر.
- حەسەن، مەولود ئیبراهیم(٢٠٠٦)، هێلکەی نامێ(کۆمەڵێک ئەفسانە و حیکایەتی جۆراوجۆری فۆلکلۆری نێو کوردەوارییە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی- زنجیرە کتێبی کەلەپوری ئینستیوتی کەلەپوری کوردستان،بەرگی یەکەم –بەشی دووەم، هەولێر.
- دیما، ئەلیکساندەر (٢٠١١)، پرنسیپەکانی ئەدەبناسی بەراورد،وەرگێڕانی لە ڕوسییەوە: ئەنوەر قادر محمد، بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
- سجادی ، بەختیار- مەحمودی، محەمەد(٢٠٠٤)، فەرهەنگی شیکارانەی زاراوەی ئەدەبی، دەزگای چاپ و بڵاوکراوەکانی ئاراس،چ ١، هەولێر.
- شارەزووری،یادگار لەتیف(٢٠١٥)، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی- بنچینە مەعریفیەکانی میتۆدە ڕەخنەییەکان بنەچەی سەوسەن وەک بواری کار ، چاپخانەی هێڤی،هەولێر.
- شەریفی، خورشید(٢٠٠٧)، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتیەکان- ئینگلیزی- فارسی- کوردی، بڵاوکراوەکانی چاپ و پەخشی سەردەم، چ١،سلێمانی.
- عومەر، موحسین ئەحمەد(٢٠١٢)، فەرهەنگی ئەدەبی، بڵاوکراوەکانی پاشکوی ڕەخنەی چاودێر، سلێمانی.
- کۆندێرا،میلان(٢٠٠٨)، هونەری ڕۆمان، و:کەریم پەرەنگ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی.
- مەنتک،حەمە(٢٠١٨)، هونەرەکانی چیرۆک نوسین، چاپخانەی تاران، چ١، تاران.
-

**نامە ئەکادیمیەکان**

- سمایل، نەسرین رەئوف(٢٠٢٣)، رەخنەی تێماتیکی- تیۆری و پراکتیک بە نموونەی کۆ(شیعری بەرزان هەستیار و چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەن)، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین.
- عبدالکریم، دڵان عثمان(٢٠١٤)، تێم لە کورتە چیرۆکی کوردیدا ساڵانی(١٩٩١-٢٠٠٠)،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- عەزیــز، بێســتون عــارف(٢٠١٤)، بــابەت و تەکنیکــی خواســتراو لە رۆمــانی کــوردی باشــووری کوردستاندا(٢٠٠٠-٢٠١٢)، نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی.

**بڵاوکراوەکان**

- شەریف ، ئازاد حەمە(١٩٩٧)،جیاوازی نێوان هەقایەت و چیرۆک، گۆڤاری ڕامان، ژ١٦،ساڵی دووەم، تشرینی یەکەم.
- مەلا، ئەحمەدی(٢٠١٢/٨/٩)، میتۆدی تێماتیک بابەتگەرا، ڕۆژنامەی پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ژ ٥٨٥٢.

**عەرەبیەکان**

**کتب**

- السواح، فراس(١٩٩٦)، مغامرة العقل الاولی(دراسة في الاسطورة،سوريا و ارض الرافدين)، ط١١.
- شتراوس،کلود ليفي(١٩٨٦)، الاسطورة و المعنی، ت: شاكر عبدالمجيد، دار الشؤون الثقافية العامة،ط١، بغداد.
- فراي، نورثروب(١٩٩٢)، ماهية و الخرافة-دراسات في الميثولوجيا الشعرية،ت:هيفاء هاشم، دمشق.
- عزام،محمد(١٩٩٩) ،المنهج الموضوعي في النقد الادبي، منشورات اتحاد كتاب العرب،دمشق.
- عناني،د.محمد(٢٠٠٣)، المصطلحات الادبية الحديثة، الشرنة المصرية العالمية للنشر لونجمان،ط١.
- ماجليولا، روبرت(١٩٨١)،التناول الظاهراتي للادب نظرياته و مناهجه، ترجمة: عبدالفتاح الديدي، مجلة الفصول، مجلد١،عدد٣،المصر.
- كحالة، عمر رضا(١٩٧٨)، الحب، مؤسسة الرسالة ،الطبعة الاولی.
- لحمداني،حميد(٢٠١٤)، سحر الموضوع عن النقد الموضوعاتي في الرواية و الشعر،مطبعة انفو، ط٢،مغرب.
- وغليس، يوسف(٢٠٠٧)،مناهج النقد الادبي، جسور للنشر و التوزيع،الطبعة الاولی، الجزائر.
- ولــك، رينيــة- واريــن، اوســتن(١٩٧٢)، نظريــة الادب، ت:محــی الــدين صــبحي، مطبعــة خالــد الطرابيشي،ط؟،دمشق.

**ئینتەرنێت**

- حيدر جواد السهلاني، مفهوم البطل عند توماس كارليل،٢٠٢١/٤/٦، https://www.ahewar.org
- ولاء قاسم،سيكولوجية الانتقام، ٢٠٢٢/٨/٧ https:/slaati.com

## هذه الدراسة بعنوان "الثيمة في الأساطير الكردية" (هيلكەی نامی) كمثال


### الملخص

هذه الدراسة بعنوان "الثيمة في الأساطير الكردية" (هيلكەی نامی) كمثال، الثيمة يعني الرسالة الرئيسية والغرض من النص، يمكن أن يكون مجموع دوافع منتج واحد، الموضوع هو النظرة العالمية للفرد في المجتمع، والتي تتجلى في العناصر الموجودة في النص. الأسطورة هي نوع مهم و رئيسي في الأدب الشعبي وتتزامن أصولها مع تاريخ الخلق البشري. الأسطورة هي قصة عن أصل الكون والتجربة الإنسانية. الأسطورة هي أصل الإنسان ، وكيف نشأ الكون ، وحياة هذا العالم بعد الموت. الأساطير هي تفسيرات وتفسيرات الظواهر من حولها، وتفكير البشر البدائيين، ومحاولات الإنسان الأولى لفهم الكون، والتي جاءت في شكل سردي من القصص الأسطورية. مثل أساطير الأمم الأخرى، فإن الأسطورة الكردية هي تعبير عن الجهود البشرية حول الأحداث الطبيعية والحياة الاجتماعية والصراعات الطبقية، والتي تمتلئ بمواضيع مختلفة مثل البطولة والحب والانتقام والخيانة والقدر والسرية وانتصار قوى الخير على قوى الشر..... الخ. تعتبر هذه الدراسة محاولة لعرض مستويات وأنواع وعلاقات الثيمة في النصوص الأسطورية ل(هيلكەی نامی). إن الثيمة باعتباره الموضوع المقصود والمرغوب في هذا البحث مهم لأنه يعرض محتوى وجوهر وموضوع الأساطير الكردية. ويناقش كيفية نسج وتقديم الثيمات في نص الأساطير. وأيضا، ما نوع الثيمات الموجودة في النصوص الأسطورية؟ وقد اتبع في هذه الدراسة المنهج (الوصفي - التحليلي). ويأتي نطاق هذا البحث في إطار الأدب الشعبي الكردي. في محتوى هذا البحث، يتم أولاً - بالإضافة إلى التعريف بالميثولوجيا، تتم مناقشة المفاهيم ومستويات وأنواع الثيمات وعلاقتها بالقصص الأسطورية والنقد الموضوعي من الناحية النظرية، ثم يتم تحليلها عمليا في النصوص المختارة.



**الكلمات الدالة:** *الثيمة، انواع الثيمة، الاسطورة، الأساطير الكردية.*

**Theme in Kurdish Mythology, HelkaiName as an example**


**Abstract**

Theme means the main message and purpose of the text ؛it can be the sum of the motives of a single product. Theme is the worldview of the individual in the society ، which is manifested by the elements in the text. Myth is an important genre in folk literature and its origins coincide with the history of human creation. Myth is a story about the origin of the universe and the human experience. Myth is the origin of man ، how the universe came into being ،and the life of the world after death. Myths are the explanations and interpretations of the phenomena around them ،the thinking of primitive human beings and the first attempts of man to understand the universe ، which came in the form of a narrative form of mythical stories. Like the myths of other nations ،the Kurdish myth is an expression of human efforts about natural events ، social life and class conflicts which are full of different themes such as heroism ،love ، reveng ،betrayal ،fate and secrecy and the triumph of the forces of good over the forces of evil..... etc. In this study, first – in addition to introducing mythology – the concepts, levels and types of themes are discussed theoretically, then they are practically analyzed in the selected texts.



**Keywords:** *Theme, Types of Themes, Myth, Kurdish Myth, HelkaiName.*